# جیابوونەوە لەحزبی کۆمۆنیست، بەرەو کوێ؟

**ئاسۆ غەریب**

# جیابوونەوە لەحزبی کۆمۆنیست، بەرەو کوێ؟

لەدرێژەی نزیك بە 5 ساڵ خەباتی لێبڕاوانەو ئامانجدارانەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بۆلابردنی رێگریی‌یە نەزەری‌و عەمەلی‌یەکانی سەر رێگای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست لەئێران‌و بەدوای 9 مانگ چالاکی چڕوپڕی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی ئێران. ئەم کۆنگرەیە لەنیوەی یەکەمی مانگی شەهریوەری 62 دا (بەرامبەر 1982م)، لەکوردستانی شۆڕشگێڕدا بەستراو پایەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دارشت*1

(و) دوای دەیان ساڵ پەرش‌و بڵاوی لەبزووتنەوەی چینی کرێکاری ئێراندا، حزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهات، بۆ بەجێهێنانی ئاسۆیەك کە مارکس، ئەنگلس‌و لینین خستویانەتە بەردەمی پرۆلیتاریای جیهان*2

ئەوەی سەرەوە دەربڕینێکی زۆر کورتی شێوەو ئامانجی گشتی دروست بوونی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە کە لە نامیلکەی بەیاننامەو پەیام‌و بڕیارنامەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەری ئەو حزبە وەرگیراوە.

ئەوحزبە بەشێوەی سەرەکی دوولایەن پێکیان هێنا(کۆمەڵەو ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست)*3 کە لە مێژووی خەباتی خۆیدا، سەرباری هەرکەم‌وکوڕی‌و ناتەواوی‌یەك، رۆڵێکی گرنگی لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌و ئازادیخوازی ئێران‌وناوچەکەدا بینیوە، بەڵام ئەمڕۆ دوای 18 ساڵ لە خەبات‌و تێکۆشان، بێجگە لە جیابوونەوەی فردی‌و چەند کەسی، چوار رێکخراوی لێ پێك هاتووە*4.

ئەوجیابوونەوانە لەلایەکەوە لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی دنیای مادی‌داو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کێشەو گرفتەکانی خودی حزبەوە، روویان داوە.بۆیە نەك هەر نەیتوانیوە لانی کەمی ئەو ئامانجانە بەدی‌بێنێ کە بۆی پێکهاتووە،(کۆتایی هێنان بە پەرش‌و بڵاوی چینی کرێکار بەرەوشۆڕشی سۆسیالستی) بەڵکو لەماوەی ئەو 18 ساڵەدا پێ‌بەپێ بەرەو دواهاتووەو لەبرگە چارەنووس سازەکاندا تووشی پەرت بوون بووە. ئەم بەرەودوا هاتن‌و پەرت بوونەش بەقەدەر ئەوەی کە بەرەنجامێك بووە بۆ وەزعی حزب، لەهەمانکاتدا بۆتە هۆکارێکیش بۆ دروست بوونی بیرو راو لێکدانەی جیاواز، نەك هەر لەسەر دنیای دەرەوە، بەڵکو لەسەر خودی حزب خۆیشی.

دیارترینی ئەو جیابوونەوانە کە لەسەر تێگەیشتنی جیاواز لەو حزبەدا روویانداوە، یەکەمیان جیابونەوەی باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو ساڵی (991)و دووەمیش جیابونەوەی باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەیە لەمانگی 8ی 2000 دا. ئەگەرچی ئەو دوو جیابوونەوەیە، لەدوو سەردەمی جیاوازداو بەدوو ئاراستەو ناوەڕۆکی جیاوازەوە روویانداوە، بەڵام لەیەك شت دا هاوبەش بوون کە لاواز کردنی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. هەرچەندە بەدان پیانانی خودی جیابۆوەکان، لەباری سیاسی‌و مەبدەئی‌یەوە، بۆهەردوو حاڵەتەکە ئیمکانی جیانەبوونەوەش لەئارادا بووە، بەڵام جیابوونەوەکان هەر روویانداوەو هەریەکەیان بەجێی خۆی حزبی کۆمۆنیستی تووشی زیانی سیاسی‌و رێکخراوەیی کردووە. سەربەخۆ لەوەی کە هەیەکەیان بەگوێرەی خۆی قورسایی‌یەکی نەخوازراویش بوون لەسەرشانی ئەو حزبەو بەلاچوونیان فرسەتیشیان بۆکاری راستەوخۆتری حزبی کۆمۆنیست کردۆتەوە. بەمانایەکی تر راستە ئەو حزبە بەو جیابوونەوانە بەشێکی بەرچاو لەکادرو ئەندام‌و ئیمکاناتی سیاسی‌و ماددی لەدەست داوە. بەڵام ئەو کێشەو فشارانەشی لەسەر لاچووە کە بەناوخۆیەوە خەریکی کردبوو.ئەوە مەسەلەیەکی زۆر جدی‌یە کە حزبی کۆمۆنیست لەدوای جیابوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەرچاوی نەگرت‌و بەبڕوای من دوای جیابوونەوەی باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە، پێویستە لەهەموو شت زیاتر لەبەرچاوی بگرێ.

هەڵبەت ئەمە نابێ وا لێکبدرێتەوە کە ئێمە تەئکیدی ئەو جیابونەوانە دەکەین یان پێمان باش بووە، نەخێر، ئێمە سەرباری هەر کەم‌و کوڕی‌یەك لەپێکهاتن‌و گەشە کردنی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بەدەلایلەوە پێمان وایە کە بەهێزتر کردن‌و پوختەو پاراوتر کردنی ئەو حزبە، لەچاو لاوازکردن‌و تێکدانی، زۆر زۆر بەقازانجتر بووەو هەیە، بۆ بزووتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی، نەك هەر لەئێران، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەش. دیارە ئەگەر حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمڕۆ پێکبهاتایەو قسەیەکیان بدایەتە دەست ئێمە، دەمانگوت بەشێوەی ساڵی 82 پێکی‌نەهێنین، بەڵام کە پێکهاتووە پێویست پڕکردنەوەی کەم‌وکوڕی‌یەکانێتی نەك تێکدانی، کەواتە قسەکەی من ئەوەیە کاتێك کە جیابونەوەکان لەدەرەوەی خواستی ئێمە روویانداوە، ئیتر دەبێ لاچوونی کێشە ناوخۆیی‌یەکان، وەك خاڵێکی بەهێز بەدەستەوە بگیرێ بۆکاری راستەوخۆی کۆمۆنیستی لەسەر کۆمەڵگاو بۆ بەهێزکردنی کۆمۆنیزم‌و تەکاندان بەحزبی کۆمۆنیست لەو بارەیەوە.

بەهەرحاڵ من ناتوانم مێژووی حزبی کۆمۆنیستی ئێران‌و هۆیەکانی دروست بوونی ئەو حزبەو ئاکامەکانی کارو خەباتی چەند ساڵەی لێرەدا باس بکەم، ئەوەی سەرەوە تەنها پێشەکی‌یەکی کورت‌و پێویست بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی سیاسی ئەو جیابوونەوەیەی کە ئەم

دواییانه بەناوی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەوە، ڕووی داوە.

## ڕیشەو هۆیەکانی جیابوونەوە

باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە، چەند خاڵێکیان وەك هۆی سیاسی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە کەکورت کراوەکانیان ئەمانەی خوارەوەن:

1–پرۆژەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەری نەگرتووەوشکستی هێناوەو*5" ئەم ناوەو ئەم قەوارە ڕێکخراوەییەیە ... .. ئیتر ئەو قاڵبو قەوارەیە نیە کە بتوانێ ئامانجەکانمان ، چ لەسەر ئاستی سەراسەریداو چ لەسەر ئاستی کوردستاندا، بەرەوپێش بەرێ."*6

2–."حزبی کۆمۆنیست قاڵبێکە یا تابلۆیەکی هەڵواسراوە بەسەر دەروازەی کۆمەڵەوە"*7 و" بەبێ کۆمەڵە یانی هیچ"*8. پێویستە هەر بەناوی کۆمەڵەشەوە کار بکات.

3– ئەو نفوزەی کە کۆمەڵە لە کوردستان بووی، هیچ کات حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەیتوانی لەسەرتاسەری ئێران یان بڵێن لەشوێنەکانی دیکەی ئێران پەیدای بکا"*9،لەبەر ئەوە دەبێ کوردستانی بێت. .

4ـ"خاڵێکی تر ئالوگۆڕێکی سیاسی بوو کە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا بەکوردستانیشەوە هاتۆتە پێشێ، هەموو دەزانین فەزای سیاسی لەئێرانو لەکوردستان گۆڕاوە، نەوعێك جووڵانەوە، نەوعێك حەرەکەتی سیاسی لەئێرانو لە کوردستاندا دەستی پێکردووە،کەهەر حزبێکی سیاسی ئەوە نەبینێو لەبەرنامەکەیدا ڕەنگ نەداتەوە، بەرەو پێش ناچێ، لێرەش کۆمەڵە خەریك بوو بە حزبی کۆمۆنیستەوە دەسوتا، بۆیە ئێمە لەئاکامدا بەوە گەیشتبووین کەکۆمەڵە دەبێ ساغ بێتەوە، دەبێ لەحزبی کۆمۆنیستی ئێران بێتە دەر.**. ..... (کە ئەمە واتە) ساغ کردنەوەی کۆمەڵە جوابێکی تەواو دروستە بەو زەرورەتە سیاسیە ـ تأریخیەی کە کۆمەڵگای کوردستان ئێستا داوای دەکات".*8

5–هەستمان بەڕکودو وەستانێك لەکاری کۆمەڵەدا دەکرد،کۆمەڵە لەڕابردوودا زۆر فعالو چالاك بوو،**"ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە*9 (واتە ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەسەر هەڵسوڕانی کۆمەڵەدا زاڵبوو، بەپێی تەعبیری خۆیان)دەورێکی کاریگەری بووە لەخاو بوونەوەی ڕەوتی هەڵسوڕانی سیاسی کۆمەڵە.....و ..لاوازبوونی پەیوەندی ... لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستاندا"*10.

6/ "کۆمەڵە جارێکی دیکە دەبێ نەخشێکی زۆرتر لەبزووتنەوەی کوردستان بۆ لابردنو نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی پەیدابکات.*11(بەو مانایەی کە حزبی کۆمۆنیست کار ساز نەبووە بۆ ئەمە).

7/"جیاکردنەوەی حسابو جیاوازی فکری ئێمە لەگەڵ میراتی ناسراو بەکۆمۆنیستی کرێکاری دەبێ لەوە زۆرترو زیاتر بێ، دەشێ سەر لەنوێ کۆمەڵە بنەما فکریو سیاسیەکانی خۆی دابڕێژێتەوە.*12.

8–"پەیوەندیو هەلومەرجی ناوخۆیی کۆمەڵە ئیتر ... لە سونەتە سالمو جێکەوتووەکانی کۆمەڵە بەتوندی جیابوونەتەوەو ڕێڕەوی ڕوو لەخواریان گرتووە*13.

9/"چەندین ساڵە بەتایبەتی دوای جیابوونەوەکان ژمارەیەکی زۆر لەکادرانو ئەندامانی ئێمە کەبەشێکی بەرچاویان بەهیچ شێوەیەك لەئامانجەکانی ئێمە جیانەبوونەتەوە بەلاَم ڕەخنەیان لەخەتی ڕەسمی یان ڕابەری هەبووە. لەدەرەوەی چوارچێوەی تەشکیلات قەراریان گرتووەو هیچ پەیوەندیەکی ئۆرگانیكو ڕێکخراو بەوانەوە نیەو هەوڵێکی جدیش بۆ ڕاکێشانەوەی دووبارەیان بۆ ناو ریزەکانی تەشکیلات .. پێك نەهاتووە*14 کۆمەڵە ساغ دەکەنەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەوانە بگەڕێنەوە.

ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکیانەن کە بەشێوەو دەربڕینی جۆراوجۆر زیاتر لە جارێك لەزمانی ڕابەرانی باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەوە، بەڕەسمی ڕاگەیانراوە. ئەو هاوڕێیانە، لەڕواڵەتدا، نیگەران دەبن کەپێیان بگوترێ دەستیان لەمارکسیزمو کۆمۆنیزم هەڵگرتووە، بەلاَم ئەو هۆیانەی کە خۆیان بۆ جیابوونەوە دیارییان کردوون، هیچ کامیان(تەنانەت یەك دانەشیان) تەئکید لەسەر پێویستی ماکسیزمو کۆمۆنیزمو دەوری چینی کرێکار ناکاتو بەگشتیش لەبەرامبەریدا دەوەستێ، کەئەمە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێو لەدرێژەی ئەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بەگوێرەی توانا تیشکێکی زیاتر بخەمە سەریان.

هەڵبەت ئەو بەشەی کۆمەڵەش کە لەحزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ماونەتەوە، لێکدانەوەی خۆیان هەیە لەسەر هۆکارەکانی جیابونەوەی ئەو هاوڕێیانە. کە نمونەکانیان ئەمانەن:

1/بەڕێوەبەرانی ئینشعاب(واتە جیابوونەوە) دەمێك بوو لەگەڵ سیاسەتی کۆمۆنیستی زاڵ بەسەر هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا موشکیلەیان بوو.*15 ئەوان دەیانزانی کەئارمانی سۆسیالیزمو باوەڕ بەچارەنووس سازبوونی خەباتی چینایەتیو ڕێبازی کۆمۆنیزم لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، تەنیا کۆمەڵێك شیعاری بێناوەڕۆك نین، کەئەوان بتوانن وەکو سەرپۆشێك بۆ حەرەکەتی ڕاسترەوانەی خۆیان کەڵکی

لێوەربگرن.*16

2/ یەکێکی تر لە ناکۆکییەکانی ئینشعابییەکان لەگەڵ کۆمەڵەدا، لێکدانەوەی ئەوانە لەسەر جەناح بەندییەکانی ناوخۆی ڕژێم دوای هاتنەسەرکاری خاتەمی.*17

3/ ئەوان لەسەر ئەساسی دوو خاڵ حەرەکەتی خۆیان دەست پێکرد. یەکەم: ڕەوتی تازەی سیاسی بوو لە کوردستان کە پێیان وابوو ئیتر لەم دەورەیەدا ڕێبەرایەتی گەلی کورد جێگای خاڵییەو دەبێ ئەو جێگەیە لەلایەن ئەوانەوە پڕ بکرێتەوە. دووەم: لەسەر ناڕەزایەتییەکی موختەسەرو لێرەو لەوێ کە لەناو تەشکیلاتی کۆمەڵەدا وجوودی بوو*18

4/ مەسەلەی هاتنەدەری کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیست بوو بەسەرپۆشێك بۆ شاردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە فکریو سیاسییانەی کەبەسەر بەڕێوەبەرانی ئەو جیابوونەوەیەی ئێستادا هاتبوو.*19 (ئەوانەی لایەنگرییان لەو جیابوونەوەیە کردووەو دڵی پێخۆش دەکەن*20 خۆی پێوانەی دەقیقە بۆناسینی جەوهەرو ناوەڕۆکی واقعی ئینشعابێك کە لەکۆمەڵە کراوە.*21

5/ ئەوەی ئەوان لێی چوونەدەر تەنها حزبی کۆمۆنیستی ئێران نییە، ئەوان لەهەمان کاتدا کۆمەڵەیەکی ڕادیکاڵو سۆسیالیستیشیان بەجێهێشتووە، کۆمەڵەیەکی خاوەن هەڵوێستی بێ ڕاڕاییو ڕادیکاڵ بەرانبەر بەهەموو باڵەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵەیەك کە هێزو توانای خۆی پێش هەموو شتێك بەخەباتی چینایەتی ناو کۆمەڵگایەکی پڕ لەنابەرابەریو بێ عەدالەتی وەردەگرێ.*22

هەرچەندە ئەو ڕەخنەو لێکدانەوانەی سەرەوە زۆر ڕاستیو واقعیەت لەسەر ئەو جیابوونەوەیە بەیان دەکەن، بەڵام بەبڕوای من هێشتا دەبێ لەسەر هەندێ لایەنی دیکە قسە بکرێ.

یەکەم شت بەبڕوای من فاکتەری سەرەکی لەواقعیەتی حزبدایە، حزب خۆی ژیانی لە قەیراندا بەسەر دەبرد، بۆ شکاندنی ئەم قەیرانە دەبوایە لەسەر ڕەوەندێكو چارەنووسێك ساغ بوایەتەوەو قەراری بگرتایە. محمدی شافیعی دەڵێ هەموومان دەمانزانی کە حزبی کۆمۆنیستو کۆمەڵە تووشی قەیرانێك بوون، ئەوەی کە ئیختلافی لەسەر بوو کە هەرکەسە وەهەر لایەنە چ نەوعە ڕێگاحەلێکمان ئەدییەوە بۆ دەرچوون لەو قەیرانو بوحرانە.*23 ئەوە خاڵێکی سەرەکی بوو کە بۆ ئەوان جیابوونەوە ڕێگا حەلێك بوو بۆ دروست کردنی حزبێكو بەدیهێنانی ئامانجێك کەلە فکری خۆیاندا نەخشەیان کێشابوو.

هەروەها گرفتێك لە پێکهاتەی حزبیشدا هەبوو، بەڵام نەك بەوەی کە کۆمۆنیستە کوردەکان لەڕووی ژمارەوە بەشی زۆریان پێکهێناوەو لەناو نەتەوەکانی تردا حزب نفوزی تەشکیلاتیو کۆمەڵایەتی نەبووە، وەك باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە ڕایدەگەیەنن، بەڵکو ڕێك بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی ئیعتمادی سەرەکی حزب بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر ڕێکخراوی کوردستان بوو. دوای ئەوەی شۆڕشی ئێران پاشەکشەی کردو بەرگری شۆڕشگێڕانە لەبەرامبەر حکومەتی نوێدا تەنها لەکوردستان مایەوە، حزبی کۆمۆنیست ناچاربوو ڕێکخراوی کوردستان توندتر بگرێ کە ڕاستەوخۆ نەدەچووەوە سەر ئامانجی دروست بوونەکەیو زۆرتر سەرقاڵ بوو بەمەسەلەی کوردستانەوە، بەشەڕی چەکداریو بزووتنەوەی بەرگرییەوە.(کەدیارە ئەمانەش گرنگ بوون، ئەگەر لەپاڵ ئامانجی سەرەکیدا بکرانایە، نەك خۆیان وەك ئامانجی سەرەکی).

کۆمەڵە بەهۆی بوونی نفوزێکی کۆمەڵایەتی بەرینو زۆری ژمارەی ئەندامو لایەنگرانییەوەو لەژێر ناوی ڕابەرایەتیکردنی خەباتی حەقوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، هەر لەکۆنگرەی دامەزرێنەرەوە امتیازێکی تایبەتی وەرگرت، ئیمتیازی ئەوەی کەوەك ڕێکخراوی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە حزبێکی سەراسەریدا کار بکات. واتە ئەوەی لینینو کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا ئامادەنەبوون بیدەن بەبۆندیستەکان. حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەژێر فشاری نفوزو ئیعتبارەکەیداو بەهۆی سەنگەرەکانییەوە، دای بەکۆمەڵە، وەك عبدللە مهتەدی لە ل41ی ژمارە1ی پێشڕەودا دەڵێ: بێجگە لەبەرنامە، بێگەلە سیاسەتەکانمانو هەڵوێستەلینینییەکانمان، لەم مەیدانەشدا(واتە ئیمتیازی کۆمەڵە) زەمانەتێکتان دەدەینێ. کەبەبڕوای من ئەمە لەژێر فشاری ناسیونالیزم دابوو ، چ ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵەو چ بزووتنەوەی تەقلیدی ناسیونالیزم، کە عبدللە مهتەدی لەل37ی هەر ئەو پێشڕەوەدا باسی دەکاتو دەڵێ؛ بەمجۆریە کە نەغمەی موخالەفەتی ناسیونالیستی لەبەرامبەر بەشداربوونی کۆمەڵە لەحزبی کۆمۆنیستدا کەبێگومان لەسەر کرێکارانو زەحمەت کێشانیش تەئسیر دادەنێ، لەتەئسیر دەخەینو زاڵدەبین بەسەر ئەو بێمتمانەییو دڵەڕاوکەیەدا کە ڕێی تێدەچێ لەدڵی هێندێك کەسدا هەبێو بڵێن کە پەیوەس بوونتان بە حزبی کۆمۆنیستەوە بەمانای ئەوەیە ئیختیارتان دەکەوێتە دەس فارسەکانو...تاد.کاریگەری ناسینالیزم بەتەواوی لێرەدا دەبینرێوتەواوی باسەکەی عبدلله مهتەدیش بۆ سەلماندنی پێویستی جێگای تایبەتی کۆمەڵە، چ لەو ڕووەوە کە هەویەتە میللییەکە باس دەکاتو چ بۆ خاڵی کردنی ژێرپێی ناسیونالیزم لەکوردستان، هەر بەدەوری ئەمەدا دەخولێتەوە، زیاتر لەوەی کە ڕەنگ دانەوەی واقیعی سیاسی ـ چینایەتی کۆمەڵی کوردستان بێت.

من پێم وایە هۆی ئەمە ئەوەیەکە یەکەم لەکوردستان ناسیونالیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزەولەسەر دنیای دەرەوەی خۆی(لەوانە لەسەر کۆمۆنیستەکانیش) فشاری هەیەو دووەم بەشی زۆری کۆمۆنیستەکانی کوردستان(عێراقو ئێران) سەرەتا لەچەپێ بزووتنەوەی ناسیونالیستییەوە دەستیان پێ کردووەو پێبەپێ ڕادیکاڵ بوونەتەوە. بەم پێیە ئیمتیاز بەکۆمەڵە خۆی ئیمتیازێکیش بوو بەناسیونالیزمی کورد. لەبەر ئەوەی مانا عەمەلیەکەی سپاردنی چارەسەری کێشەی قومیە بەناسیونالیزم، وەك ئەوەیە بلێی بۆ چارە سەری ئەو کێشەیە دەبێ ناسیونالیزم قبوڵ بکەیت.

ڕاستە زوڵمی قەومی لەکوردستان هەیەو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی قورسو فراوانیشە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە بۆ چارەسەرەکەی خۆت لەگەڵ تەبیعەتی کێشەکە تەتبیق دەیت، تەبیعەتی کێشەکە قەمیە بەڵام چارەسەرەکەی بەبڕوای من نەفی قومیەتە.

ڕەنگە لێرەدا ئەو مەسەلەیە بێتە پێشێ کە بەم دەرکەوە ناتوانین لە کوردستان نفوز بگرینو خەڵك بۆ چارەسەری کێشەی میللی ڕوولە ناسیونالیستەکان دەکەن، هەرچەندە وەك مارکس دەڵێ ئەوەی زریان بیهێنێ ڕەشەبا دەیباتەوە( کەجیابوونەوەی ئەم هاوڕێیانە نمونەیەکیەتی)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیر کردنەوەیە مانعی نفوز گرتن بێت، لەبەر ئەوەی کێشەی کوردستان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینەوتەنها کێشەی کوردو کوردستان نییە بەڵکو هی هەموو وولاتەکانە(ئێران،عێراق،تورکیا...) بەم پێیە چارە سەرەکەشی تەنها بەکرێکارانو کۆمۆنیستەکانی کوردستان بەرتەسك نابێتەوە. ڕاستە چەوسانەوەو زوڵمەکە ڕووی لە خەڵکی کوردە، بەڵام کێشەو مەسئولیەتەکە هی خەڵکی ئەو وولاتەیە بەگشتیو کرێکارانو کۆمۆنیستەکانی غەیری کورد بێ وەزیفە نین لەبەرامبەریدا، بێ وەزیفە کردنیان بەمانای جیاکدنەوەو لێك دابڕینی خەباتو تێکۆشانی کرێکارانو کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتەیە بۆچارەسەری زوڵمی قەومی کەلەسەر لایەنەکانی تری خەباتیش ڕەنگ دەداتەوە.

سەبارەت بە چاری مەسەلەی میللیش زۆر ڕێگا خراوەتە روو هەر لە حوکمی زاتیو فیدراڵیو مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان تا مافی دیاری کردنی چارەنووس. کەئەمەی دواییان مەبەدو قەناعەتی ئێمە کۆمۆنیستەکانەو ڕێگا حەلی عەمەلیو گونجاویش لەو چوارچێوەیەدا مافی هاووڵاتی بوونی یەکسانە کە ئەمە بەمانای لەبەین بردنی ناسیونالیزمو دروست کردنی دەسەڵاتێکی غەیرە قەومیە.کە مەنفی نێیە لەم حاڵەتەدا بەپێی ناوچەکان (نەك قەومەکان) دەسەڵاتێکی فیدرالیش بێت.

ڕاستە کۆمەڵە بەتایبەتی لەکۆنگرەی (2 و 3)دا ڕەخنەی زۆر توندو خۆنەویستانەی لەڕوانگەی مارکسیزمو کۆمۆنیزمەوە لەخۆی گرتو لەو بارەیەوە ئاڵوگۆڕێکی نەوعی بەرچاوی کردو لەگەڵ خۆیشیدا ئاڵوگۆڕی لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا پێکهێنا، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگر نەبوو لەوەی مەیلو ئومێدە پاڵپێوەنەرەکانی ناسیونالیزمی کورد بەژێر تەنافی ئەو هەموو ڕەخنەیەدا ڕەت بنو بچنە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە.

ئەم ناسیونالیزمە هەرچەند نارێکخراوو نا پەیگیرو بێ ئاسۆ بووە لە ناو حزبدا، بەڵام بەهۆی جێگاو شوێنی تایبەتی کۆمەڵەوە، لەو هەلومەرجانەدا کە حزبی کۆمۆنیست کەوتۆتە ژێر فشاری دنیای دەرەوە، یاخود لەو کاتانەی کە ناسیونالیزمی کورد لەدەرەوەی حزبی کۆمۆنیست ئاهێکی بەبەردا هاتۆتەوە یان فرسەتێکی بۆ ڕەخساوە(ئەگەر زۆر کۆنەپەرستانەش بووبێت)ئەوکاتە ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵەش سەری بەرزکردۆتەوو ڕابەری بۆ پەیدابووە.

## **كاتە هەڵبژێردراوەکانی ناسیونالیزم:**

یەکەم: کێشە ناوخۆیەکانی ساڵی 90–91، بەدوای هێرشی پانو بەرینی بۆرژوزی جیهانی بۆ سەر کۆمۆنیزمو بیروباوەڕی سۆسیالیستیو دەسکەوتەکانی چینی کرێکار، لەجەرگەی ئەو خۆشباوەڕیانەی کە سەرکەوتنی دیموکراسیو بازاڕی ئازاد لەدڵو دەروونی بەشی زۆری خەڵکدا بۆ ئازادیو ڕزگاربوون لەستەمو مەینەتی، دروستی کردبوو، هەروەها لەدرێژەی ئەو ئاواتە دێرینەی بۆرژوازیدا بۆ شکستو لاکەوتنی مۆتەکەی کۆمۆنیزمو بەتایبەتیش دوای فرسەتێکی مێژوویی کە بۆناسیونالیزمی کورد خولقابوو لەکوردستانی عێراق، کە لە ڕێگای بەدەستەوە گرتنی کارێك لەچوارچێوەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئەمریکاداو وەك دیوی دووەمی بەکارهێنانی ئەم ناسیونالیزمە لەلایەن ئەمریکاوە بووژابۆوە. نموونەیەکی هەوڵەکانی ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵەیە کە سەرەنجام لەپاڵ هەوڵە ڕووکەشیو فرسەت خوازیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بۆ دەربازبوون لەبنبەستی واقعی خۆیو بەجێهێشتنی مەیدانی کاری عەمەلی، بووە هۆی دوو کەرت بوونی حزبی کۆمۆنیستی ئەوکاتە.

بەدوای جیابوونەوەی باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵە، لەدوولاوە هەلومەرجی گونجاوتری بۆڕەخسا:

1/بەوەی کە فشاری سیاسیو ئایدۆلۆژی یەکێك لە ڕەقیبەکانی لەسەر لاچوو. هەموو دەزانن کە داڕێژەرانی بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی

کرێکاری(وەك کادر)و هەم خودی فکری کۆمۆنیزمی کرێکاریش چ پێش دروست بوونی حزبو چ دوای دروستبوونی حزبیش تا کاتی جیابونەوە، قورسایییەکی زۆریان هەبوو لەسەر کپ کردنی ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵەو لەمەنگەنەیان دابوو. کەواتە دوای ڕۆیشتنی ئەم مەنگەنەیەو بەتایبەتبش کە هەلومەرجی دنیای دەرەوە بەقازانجی بوو. نەك هەر سەری بەرزکردەوە بگرە کەوتە هەڵسووڕانی سیاسیش، لێرەدا پێویستە ئەوەش وەك مەسەلەیەکی هەویەتی ناسیونالیزمی کورد (بەگشتی) باس بکەین کە هەر کاتێك تووشی بنبەستو شکست بووە لەفافەیەکی چەپو مارکسیستی لەخۆیەو ئاڵاندووەو کە هەستیشی بەبووژانەوە کردووەو دەرگای بەڕوودا کراوەتەوە یەکەم شتێك کە لەبەرامبەریدا وەستاوە مارکسیزمو کۆمۆنیزم بووە.

2/ لەبەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئەو ناسیونالیزمە لەلایەن خودی حزبی کۆمۆنیستەوە ڕەهاکرا لەڕەخنەو بەرخوردنی کۆمۆنیست. هەرچەندە هەلومەرجی حزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای جیابوونەوەی باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوەندە ئاڵۆزو نالەبار بوو، کە ئازایەتی بوو بۆ ئەوانەی ئەو حزبەیان ڕاگرتو هێشتیانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو کاری زۆر پێویست هەبوو کە نەکرا:

أ/ خۆجیاکردنەوە لەخەتو میسۆدی کۆمۆنیزمی کرێکاریو پاککردنەوەی پاشماوەکانی، کە بێجگە لە لایەنە مبدئییەکەی هەلومەرجی دنیاش ئاڵوگۆڕی کردبوو، کەنەدەکرا حزبی کۆمۆنیست بەچەکی کۆنی نیوە ڕەهاکراوی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە سەرکەوتوو بێتەدەرێ.

ب/ ڕەخنەی کۆمۆنیستی لەناسیونالیزمو جیاکردنەوەی حساب لەگەڵی لەچوارچێوەی داڕشتنی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی ڕۆشندا.

ئەم دوو خاڵە لەتەك کەم ڕەنگبوونی بەرنامەی عەمەلی بۆ چارەی کێشەی میللی لەکوردستانو کەم بوونەوەی نفوزی حزبی کۆمۆنیست لەناوچەکانی دەرەوەی کوردستان لەئێران، وەك لەم دوایییانەشدا دەرکەوت، هەمیشە دەستمایەیەکی سیاسیو تەبلیغی بووە بەدەست گرایشی ناسیونالیستەوە بۆ زیندووکردنەوەی کۆمەڵەی پێش حزبی کۆمۆنیستو میللی کردنەوەی بۆ کوردو کوردستان.

دووەم: دوای 10 ساڵ لە جیابوونەوی کۆمۆنیزمی کرێکاریو 10 ساڵ بەرامبەرکێی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەناوخۆیو لەگەڵ دەرەوەیدا، جارێکی تریش دوای ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کۆنەپەرستانەو ڕاسترەوانە بۆ پاشەکشەکردن بەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەناوچەکەدا، کە ناسیونالیزمی کورد لەکوردستانی عێراقو پەکەکەو وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، ڕابەرایەتییان کردووەو ئێستاش دەیکەن، لەدوای ئەو خۆشباوەڕییە نەزۆکانەیەی بەهاتنە سەرکاری خاتەمی، خزمەتگوزارانی سەرمایەی ئازادو ئۆپۆزسیۆنی بێئاسۆی ئێرانی هێنابووە جۆش، وە بەتایبەتی دوای نیشاندانی نیەت پاکی درۆزنانەو هەڵخەڵەتێنەرانەی ڕاوچییانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاوکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران، دیسانەوە ناسیونالیزمی ناو کۆمەڵە بۆ منافەسە لەگەڵ حزبی دیموکراتو نفوزی پەکەکە لەناو لاوانی ئێرانداو کەوتەوە خۆیو ئارەزووی کرد هەموو حزبی کۆمۆنیست بۆ ئەو مەبەستە بخاتەگەڕ، کە ئەمەی بۆنەکرا ئیتر چاوەڕوانی لەو حزبەدا مانایەکی واقعی نەمایەوە بۆیو نچاربوو بەدوای ئامرازی گونجاوتردا بگەڕێ، وەك عبدالله مهتدی خۆی دەڵێ. ((کۆمەڵە .... وەزیفەیەتی کە ببێتە ئاڵا هەڵگری خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران ... ساڵانی ڕابووردوو کۆمەڵە بۆشاییەکی لەم مەیدانەدا بەجێ هێشتبوو، ئەگەر دەبینین حزبێکی وەکو پ.کا.کا لەنێو لاوانی ئێراندا .... نفوزێك بەدەست دێنێ لە حەقیقەتدا .. یەکێك لە دەلیلەکانی ئەو بۆشاییەیە ... لەبەرئەوە یەکێکی دیکە لەو جیاوازییە فکریو سیاسییانەی ئێمە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بوو بەهۆی جیابوونەوەمان، ... بریتی بوو لەو مەسەلەیە*26.

هەرچەندە بەبڕوای من لایەنێکی گرنگی نفوزی پەکەکە لە کوردستانی ئێران. پەیوەندی نێوان ئێرانو پەکەکەیە بۆ خاڵی کردنی ژێر پێی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانیو لەبەین بردنی زەمینەی گەشەکردنیان (وەك چۆن چەندین ساڵ سوریا کردی))، ئەمەسەرەڕای بەکارهێنانی پەکەکە بۆ مەبەستو ئامانجی تایبەت تر، وەك لە تەجروبەی پارتیو یەکێتیشدا دیتمان، منافەسەی پەکەکە لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی تەنها بەنرخی دووبارە کردنەوەی کاری پەکەکە ئیمکانی هەیە، نەك بەمیللیتر نیشاندانی خۆت.

بەڕای من ئەو جیابونەوەیە لەهەلومەرجێکی وئاوهادا پێکهاتو وەڵامێك بوو بەواقعیەتی حزب، کەبەداخەوە لەگەڵ خۆیدا بەشێکی تر لە کۆمۆنیستەکانی پێشکەشی ناسیونالیز کردو لاوازی کۆمۆنیزمو بزووتنەوەی کرێکاری لەدنیاداو بێ توانایی حزبی کۆمۆنیست لە وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ئەمڕۆیدا، ئەو فرسەتەی پێدا.

## یەکگرتن یا جیابوونەوە!

هەرچەندە ئێمە وەك سیاسەتێکی بزووتنەوەی بنیات نانی حزب لەم دەورە دیاریکراوەداو هەم وەك پرەنسیبێکی کۆمۆنیستی زۆر پێداگری لەسەر یەکگرتنو پەیوەندی سالمی سیاسیو خەباتکارانەی کۆمۆنیستەکان دەکەین، چ لەئاستی عێراقداو چ لەئاستی فراوانتری ناوچەییو جیهانیدا، کە ئەم دەورەیە لەهەموو کات زیاتر کۆمۆنیستەکانی دنیا پێویستیان بە نزیکایەتیو هاوکارییو تەبایی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتنو جیابوونەوە هیچکامیان خۆی لەخۆیداو بەدەر لەزەمانو مەکان لێك نادەینەوەو پێمان وانییە خۆبەخۆ هەموو یەکگرتنێك باشو

هەموو جیابوونەوەیەك خراپ بێ، بەڵكو بەلای ئێمەوە گرنگ جێگاو شوێنو كاریگەری هەریەك لەوانەیە لەكۆمەڵگاو بزووتنەوەی كرێكاریدا. ئەویش پێم وایە بەگوێرەی بەرژەوەندی چینەكانو بزووتنەوە جیاوازەكان نیسبییەو ئەوەی بۆ ئەملا بەقازانجە بۆلایەكەیتر بەزیانە.

كۆمۆنیزمی كرێكاری بەناوی كرێكاریبوونەوەو كۆمۆنیست تر بوونەوە، جیابوونەوەو ئیدیعایەكی وایان هەبوو كە ڕێگایەكی نزیكترو ڕاستەوخۆتر بەدەستەوە دەگرنو، لەجیاتی گۆڕینی حزبی كۆمۆنیست بەو ئامرازەی كە خۆیان دەیانەوێ، بەبیانووی ئەوەی دروستكردنی حزبێكی دڵخواز لەدەرەوەی حزبی كۆمۆنیست كاتو توانایەكی كەمتری دەوێ، ئەمە ئەگەر وا بڕۆیشتایە خراپ نەبوو، بەلام بەكردەوە بێجگە لە پاڵ پێوەنانی دەیان كادرو ئەندام بەرەو بێتاقەتیو دڵساردیو دابڕینی تەیفێكی بەرین لەكۆمۆنیستەكان لەشوێنی واقعی خۆیانو رووكردنە وولاتان. وا 9ساڵ تێپەڕیو ئەو حزبە دڵخوازە كە مەبەستیان لێی حزبی كۆمۆنیستی كرێكارانی ئێران بوو، لەهیچ ڕوویەكەوە(نەڕێكخراوەیی، نەسیاسیو نەكۆمەلایەتی) هێشتا پێكنەهاتووە، بەپێچەوانەوە لەجاران دابڕاوترە لەئێرانو لەڕووی سیاسیشەوە لەژێر سێبەری لیبرالیزمی غەربیدا پەل دەكوتێو كرێكار وەك چینی شۆڕشگێڕی كۆمەلگا، خەریكە لەدەزگای فكریو لەحساباتی سیاسی دەچێتە دەر، ئەوە جگە لەوەی لەماوەی ئەو 9 ساڵەدا دەوری بووە لەفراوان كردنەوەی قەڵەشتو جیاوازی نێوان كۆمۆنیستەكانی عێراقو ئێران، هەم لەناو خۆیانو هەم لەبەرامبەر یەكتردا.

بەلام جیابوونەوەی باڵی ساغ كردنەوەی كۆمەڵە، تەنانەت ئیدیعایەكی لەو بابەتە نییە، واتە نەهاتووە ڕەخنە لەلاوازییەكانو گرفتەكانی حزبی كۆمۆنیستی ئێران بگرێ لەڕوانگەی ماركسیزمو سیاسەت كۆمۆنیستییەوە، بۆئەوەش جیانەبۆتەوە كۆمۆنیزم (بەهەر مەعنایەكیش كە خۆیان تێی گەیشتبن) لەئێرانو ناوچەكەدا یان تەنانەت لەكوردستانیش كە وێردی سەر زمانیانە، بەهێزو پوختەتر بكات. بەڵكو لەڕوانگەی مەسەلەی قەومیو جوگرافیای سیاسی كوردستانەوە ڕەخنە لە حزبی كۆمۆنیستی ئێران دەگرنو كەڵك لەلاوازییەكانی ئەو حزبە وەردەگرنو لەتەواوی باسەكانیاندا جەخت دەكەنە سەر ئەوەی كە حزبی كۆمۆنیست كۆمەڵەی لەمەسەلەی قەومی دوورخستۆتەوەو ئێستا ئەمان دەستی پێدەكەنەوە. كەواتە سەرەكی ترین مەسەلەیان چالاك كردنەوەی كۆمەڵەیە لەكوردستاندا. كەخۆی لەخۆیدا هیچ هەویەتێكو هیچ تایبەتمەندییەكی نە كرێكاریو نە بۆرژوازی دیاری ناكات.

پێم وانییە نەئێمەو نەحزبی كۆمۆنیستی ئێرانو نەهیچ لایەك لەگەڵ هاوڕێیانی عبدالله مهتدیدا هیچ نكوڵییەكمان هەبێت لەسەرئەوەی كە حزبی كۆمۆنیستی ئێران لەماوەی 18 ساڵی تەمەنیدا، هێشتا نەبۆتە حزبی كرێكارانی ئێرانو هێشتا خاوەنی لاوازیو كەمو كوڕییەكی زۆری لەو بابەتەیە كەتوانای بەجێهێنانی ئامانجە ڕاگەیەنراوەكانی ئەو حزبەیان زۆر بەرتەسك كردۆتەوە. بەلام ئەم هاوڕاییە لەسەر بوونی كێشەكە نامان گەیەنێتە هەڵوێستو ڕێگەچارەی هاوبەش، بەپێچەوانەوە، هەڵوێستو ڕێگەچارەكان بەتەواوی دژبەیەكن، بۆنمونە هاوڕێیانی ساغ كردنەوەی كۆمەڵە، هەڵوەشانەوەی حزبی كۆمۆنیستو دروست كردنی كۆمەڵەی ناسراو بەمەسەلەی میللی، بەڕێگەچارە دەزانن، ئێمەش بەپێچەوانەوە پێداگری لەسەر بەهێزكردنو پەرەپێدانی حزبی كۆمۆنیستی ئێرانو تۆختر كردنەوەی ناسنامەی كۆمۆنیستیو دۆزینەوەی ڕێگە چارەی عەمەلی بۆئەوانە بەپێویست دەزانین، كە ئێستا ئێمە ئەمانە لەهەڵوێستی تازەی حزبی كۆمۆنیستی ئێراندا دەبینین.

## كۆمەڵەی كۆمۆنیست یان سۆسیالیستی كوردستانی؟!

هەموومان لەگەڵ ناوی كۆمەڵە كۆمۆنیزممان بیستووە، كۆمەڵە لەهەر ئاستو ناوەندێكدا ناسرابێ، سەرباری هەر كەموكوڕییەك بەكۆمۆنیست ناسراوە.

خەڵك وایان ناسیوەو حزبەكان وامامەڵەیان لەگەڵ كردووەو ڕابەرایەتی كۆمەڵەش ماوەی زیاتر لە چارەكە سەدەیەكە وا خۆیان دەناسێنن.

دیارە كۆمەڵە ناسیونالْ چەپێك نەبووە، ناسیونالیزمی تێدابووە، بەلام بۆرژگاری نەتەوەكەی نەبووە بەكۆمۆنیست، وەك ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی بۆكۆنگرەی ـ8ـ دەڵێ:

ئەو شتەی كۆمەڵەی خستۆتە ئەم جێگاو شوێنەی ئێستای لەپەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی كوردستاندا، بەرهەمی پراكتیكێكی چینایەتی دیاریكراوە كە بەتەواوی جیاوازە لەخەباتی تەنیا نەتەوەییو خود موختاری خوازانە لەكوردستان.

ئەم دەركە لەپاڵ ئەوەی كە لەحزبێكی كۆمۆنیستی سەراسەریدا بووە، خۆبەخۆ سەراسەری بوونی كۆمەڵەش بەیان دەكات ئەگەر پەنا بۆ هیچ بەلگەو دەلیلی دیكەش نەبەین*27. بەلام باڵی ساغ كردنەوەی كۆمەڵە بەپێچەوانەی ئەو دوو واقعیەتەوە، ئەوەیان ڕاگەیاندووە كە لەحزبی سەراسەری دێنەدەرو كۆمەڵە ساغ دەكەنەوە بۆئەوەی (ببێتە ئالاهەڵگری خەباتی گەلی كورد لەكوردستانی ئێران). ئەویش بەدەلیلی ئەوەی كەناوی حزبی كۆمۆنیستو قەوارەی حزبی سەراسەری ناتوانێت ئامانجەكانی ئەو هاوڕێیانە بەرەوپێش بەرێت، هەر بۆیەش لەناوی كۆمۆنیست خۆیان دەپارێزنو لەباشترین حاڵەتداو وەك نیشانەی ئەوپەڕی چەپ بوونیان بەخۆیان دەڵێن سۆسیالیستو ڕادیكاڵ لەكوردستانو

دۆستو هاوکاری چەپ لەئێران،ئەمەش لەڕاستیدا بۆ شاردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیو مەنهەجییانەی کەبە سەریاندا هاتووەو ڕەنگە باشترین بەڵگەش ئەوەبێ کە تەواوی ئەو تایبەتمەندیی بۆ کۆمەڵەی نوێ پێشنیاری دەکەن، چالاك بوون، جەماوەری بوون، کوردستانی بوون، خەباتکاری گەلی کورد بوون، ڕاستگۆبوونو ...ئەو جۆرە شتانە کە ئەگەر بەتەواویش بهێنرێنە دی هێشتا هیچ تایبەتمەندییەکی سۆسیالیستی بەیانناکەنو هێشتا خۆیان نادەن لەداوێنی لانی کەمی پرەنسیبەکانی حزبە کۆمۆنیستو کرێکارییەکان.

بەم پێیە خۆپاراستن لە نازناوی کۆمۆنیستو کوردستانیبوون، ئەگەر لەباری هەویەتیشەوە زۆر قووڵی نەکەینەوە، ئەوا لەباری سیاسیو عەمەلییەوە،بەمانای هەوڵدانە بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان، بەجۆرێك لەپەیوەندیو ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ دروست کردنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی خودموختار یان لەباشترین حاڵەتدا فیدراڵ، هەرئەوەی کە ناسیونالیستەکانی کوردستانی عێراق داوای دەکەن. ئەمە خۆ بەخۆ بەمانای کەم ڕەنگ کردنەوەی دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمیشە، لەبەرئەوەی دامەزراندنی دەسەڵاتی ناسیونالیستی لەکوردستان، یان باشتر بڵێم خولیای ناسیونالیزم بۆ چارەسەری کێشەی قەومی، مەرج نییە هەر بەڕووخاندنی ڕژێمی مەرکەزیدا تێپەڕێ.

ڕاستە لەڕوانگەی بەرژەوەنییەکانی خەلکەوە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، لەچوارچێوەی سەراسەری وڵاتەکاندا، پێویستی بە ڕووخاندنو وەلانانی دەسەڵاتی قەومی لەسەر ئاستی سەراسەری هەیە، بەڵام بۆناسیونالیزم کە لەبناغەدا دەیەوێ کێشەی نەتەوەیی قووڵبکاتەوەو کەڵکی لێوەربگرێ بۆ دەسەڵاتدارەتی خۆی، بەم پێیە ڕێککەوتنو ساتو سەودا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیش ڕێگایەکە بۆبەدەست هێنانی دەسەڵات، کە بەناحەق ناسیونالیستەکوردەکان ناوی ماف گەلی کوردو دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی لێدەنێن، ئەمە نەك هەر ڕێگایەکە بەڵکو باوترینو (لەڕوانگەی خودی ناسیونالیزمی کوردەوە) عەمەلیترین ڕێگایە. ئەمە هیچ پێویستی بەدروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی مەرکەزی نییە، ئەم دروشمە بۆئەوان تەنها لەکاتێکدا دێتە کایەوە کە ئەو ڕێگایەی سەرەوە بەتەواوی ببەسترێو تا ئەو کاتەش بڕەکات کە دەرگا بەڕوویدا دەکرێتەوە.

لێرەوەیە کە من پێم وایە وازهێنان لەسەراسەری بوون، لەکردەوەدا وازهێنانیشە لەدروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی ناوەندی ئێستا، کە لەڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە، مەسەلەیەکی زۆر بنەڕەتیو چارەنووس سازە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی. هیچ حیکمەتێك نییە کە وازی لێنەهێنن، لەبەرئەوەی ڕوخاندنی ڕژێم ئەرکێكو خواستێکی سەراسەرییەو بەشێکە لەخەباتی سەراسەری کە ئەمان پێویستیان نییە. هەڵبەت لە کوردستان ئێستا ناسیونالیستەکانیش بەمانایەك سەراسەرین، سەراسەرین بەو مانایەی کە لە چوارچێوەی وڵاتەکانی خۆیاندا(بۆنموونە عێراق، ئێران، تورکیا) بەشوێن چارەسەری کێشەی خۆیاندا دەگەڕێن. لەم بارەیەوە هەرگیز محەلیو کوردستانی نینو هیچ کات جورئەت ناکەنو بڕواشیان پێی نییە چارەی کێشەی کوردستان لەناو کوردستانو بەدابڕاوی لەدەسەڵاتی ناوەندی ئیدیعابکەن، ئەوان تەنها لەخەباتو هەڵسوورانی سیاسییاندا کوردستانیو دژی سەراسەرین.وەك بلێی نوێنەری بۆرژوازی سەراسەری وڵاتن لە سنووری نەتەوەکەی خۆیانداو هیچ کاریان بەخەباتو تێکۆشانی نەتەوەکانی ترەوە نییە لەبەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزیداو چەندیش بۆیان بکرێ خەڵکی نەتەوەکەی خۆیان لەبەرامبەری دا بەد بین دەکەن.

ڕاستە ماوەی زیاتر لە50 ساڵە، ناسیونالیزم (لەکوردستانەکان) داوێنی کرێکارانو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی گرتووەو هەرجارەی بەجۆرێكو لەئاستێکدا بەشێك لەتواناییو نفوزی هەڵدەلووشیو بەهەدەری دەبات.لەبەر ئەوەی کە ناسیونالیزمی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی خاوەنی ستراتیژی جێگیروسەربەخۆ نەبووە، هەمیشە یان شوێن کەوتووی سیاسەتی وڵاتان بووە، یان (کە لەوە ترازبێت) خۆی بەچەپو مارکسی هەڵخستووەو.هەر لەگەڵ ئەوەی فرسەتی بۆ ڕەخسابێ، یەکەم شت لەدژی مارکسیزمو کۆمۆنیزم وەستاوەتەوە. بەڵام دژایەتیو ناکۆکی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان هەر تەنها لەبەر هەویەتە کۆمۆنیستیو چینایەتییەکە نەبووە بەڵکو خەباتی سەراسەریش هۆیەك بووە.

لەماوەی 50 ساڵی ڕابووردوودا سەراسەریبوونو حزبی کۆمۆنیستی سەراسەری هەمیشە یەکێك لەجیاوزیو بابەتەکانی کێشمەکێشی نێوان کۆمۆنیستەکانو ناسیونالیستەکانو تەنانەت ناسیونالٚ چەپەکانیش بووە لەکوردستانی عێراقو ئێراندا. نەك هەروەك پرەنسبێکی سیاسی، بەڵکو لەبەرئەوەش کە سەراسەری بوون، ئامرازی جێبەجێبوونی ستراتیجەکەیان لەدەست دەردێنێ، ژێرپێیان خاڵی دەکات. بەبڕوای من لێرەوەیە کە باڵی ساغکردنەوەی کۆمەڵە قاڵبو قەوارەی ڕێکخراوەیی حزبی کۆمۆنیست ڕەت دەکەنەوە، لەبەرئەوەی حزبی سەراسەری شانسی مفاوەزاتو ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێستا یان حکومەتی بۆرژوازی دوای ئەوە زۆر کەمترە یان هەر نیەتی، لەسەر کێشەیەکی ناوچەیی.

مەسەلەیەکیتر کە هەمیشە ناسیونالٚ ــ چەپەکان محەلیبوونو کوردستانی بوونی خۆیان پێپاساوکردووەو لەهەمان کاتدا وەك فشارێکیش بۆ سەر کۆمۆنیستەکانی کوردستان بەکاریان هێناوە، بوونی نفوزی سیاسیو ڕێکخراوەیی بووە، ئەوگروپو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییانەی کە

لەکوردستان دروست بوون‌و نفوزی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی‌یان لەکوردستاندا بووە، فشاری ئەوەیان بۆ هێناون کە ناکرێ بەبێ بوونی ڕێکخستن لەدەرەوەی کوردستان بانگەشەی سەراسەری بکەن، بەهەمان شێوە ئەوگروپ‌و ڕێکخراوە کۆمۆنیستی‌یانەی لەدەرەوەی کوردستان پێك هاتوون‌و کوردستانیان وەك بەشێك لەولات ناسیوە، بەدژی کوردو شۆڤینیست ناویان بردوون، دیارە هەردوو مەسەلەکەش لەبەرئەوە بووە کە جێگایان بۆإمتیازی ناسیونالیزمی کورد نەهێشتۆتەوە.

بەداخەوە باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەش هەر لەم دەرگایەوە دەچنە ژوورەوە. لەبەرئەوەی (بەلێکدانەوەی ئەوان)حزبی کۆمۆنیست بریتی بووە لەکۆمەڵەو کۆمەڵەش تەنها لەکوردستاندا هەبووە، ئیتر دەبێت هەم کۆمەڵەبن‌و هەم کوردستانی، ئەمە دەرکێکی بەتەواوی ناسیونالیستی‌یەو لەسەر هەویەتی نەتەوەیی‌و جوگرافیای نەتەوە موتوربە کراوە.ئەگەر مەسەلە وانی‌یە چ دەلیلێکی تر هەیە بۆ کوردستانی بوون، ئایا حزبێك یان بزووتنەوەیەك ئەگەر لەشیمالی ئێران بوونی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی هەبێت‌و لەهیچ شوێنێکی تر نەیبێت ئەمە هیچ دەلیلێکە بۆ شیمالی بوون؟، ئەگەر ڕێکخراوێك لەئەسفەهان یان لەتاران بێت دەکرێ بڵێ من ئەسفەهانی یان تارانیم؟، بۆچی بۆئەوانە ئاسایی بێت لەدوورترین شاری وولاتەوە بڵێن ئێرانیم ـ عێراقیم، بەڵام بۆ کۆمۆنیسەکانی کوردستان نەبێت ئەمە بڵێن؟.

ئایا سەراسەری بوون هیچ ڕێگایەکی لەچارەسەری واقعی‌و عەمەلی کێشەی نەتەوەیی گرتووە؟! یان ڕێگایەکە بۆرەتکردنەوەی ڕێگەچارەی ناسیونالیزم؟. بەبڕوای من ئەمەی دووەمیانەو لایەنێکی گرنگی نیگەرانی ناسیونالیزمیش لەکۆمۆنیستەکان ئەمەیە.

من مەبەستم ئەوە نی‌یە کە دروست کردنی حزبو ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لەچوارچێوەی کوردستاندا، بەتەواوی‌و لەهەموو حاڵێکدا مەنفی‌و خراپە، نەخێر لەکاتێکدا کە ئاسۆی جیابوونەوەی کوردستان(لەهەر وولاتێك بێت) لەئارادایە، یان جیابوونەوەی کوردستان خزمەتی زیاتر بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بکات‌و ئەم کۆسپە لەسەر ڕێگای خەباتی چینایەتی بەشێوەیەکی ئاسانترو کەم زیان تر لابەرێت، ئەوکاتە دەست بردن بۆکارێکی لەو بابەتە، هیچ مەنفی نی‌یە، بەڵام خۆ ئامانجی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە ئەمەش نی‌یە.

## کام کۆمەڵە؟!

مەسەلەیەکی‌تر کە باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە لەجیابوونەوەی خۆیانداو لەوەدا کە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشی کوردستانی ئێرانیان لەخۆیان ناوە، گەڕانەوەیە بۆئەصڵی کۆمەڵەو دەیانەوێ کەڵك لەو سەرمایەیە وەرگرن کە کۆمەڵە لە مێژووی خۆیدا دروستی کردووە، لێرەشدا پرسیار زۆرە بیکەین، یەکێك لەو پرسیارانە ئەوەیە کە:

کۆمەڵە لەمێژووی دروست بوونیەوە تا گەیشتووە بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرداهاتووە، ئەوان کام کۆمەڵەیەن؟!

بەڵگەی ناوێ کە کۆمەڵەی سەرەتای دامەزراندنی(لەساڵی1969دا) لەباری ئامانجی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی، دەزگای فکری‌و ناسنامەی چینایەتییەوە لەهەموو ڕوویەکەوە زۆر جیاواز بوو لەو کۆمەڵەیەی کە ساڵی 82 چووە ناو حزبی کۆمۆنیستەوە. ئەمە قسەی من نی‌یە، قسەی ڕابەرەکانی کۆمەڵەیە. هەڵسەنگاندنەکانی شعیب زکریایی‌و بڕیارنامە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە 1 ـ 2 ساڵ پێش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، شاهدی لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دەدەن‌و من لێرەدا تەنها چەند نمونەیەك لەبڕیارنامە پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی دووەم دەهێنمەوە، کە بەزمانی فارسی بڵاوبۆتەوە:

*(بەبڕوای ئێمە پرۆلیتاریای ئێران دەتوانێت تەنها یەك بەرنامەی مارکسیستی‌و زانستی هەبێت) ... وە (ئێمە لەگەڵ ئەو درکە محدودو سکتاریستی‌یە ناکۆکین کە (بەرنامە)ی ((گروپەکەی خۆی)) دەخاتە بەرامبەر بەرنامەی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی ئێراندا وە یا کار بەوەی دووەمیان ناکا.*28

*..(بەپێویستی دەزانین تەقدیری ئەو هەوڵە بەنرخانە بکەین کەلایەن هاوڕێیانی (اتحاد مبارزان کمونیست)ەوە بەدژی پۆپۆلیزم‌و ئیکۆنۆمیزم‌و جێگیرکردنی تیۆری‌یانەی جیهان بینی پرۆلیتێری لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا کراوەو ئێمەشی هاوکاری کردووە بۆ وەلاخستنی تێڕوانینی لادەرانە)*29

*لادانە ئایدۆلۆژی‌یە سەرەکی‌یەکان لەڕێکخراوی ئێمەدا تا ئێستا بریتی بوون لە:

1/ پۆپۆلیزم (خەڵك گەرایی)

ـبوونی جیهانبینی وردە بۆرژوایی‌و ناکرێکاری لەپەیوەند بەمەسائیلی کۆمەڵایەتی‌و خەباتی چینایەتی.

ـسازشی چینایەتی‌و پێشخستنی بەرژەوندی‌یەکانی خەڵك لەچاو بەرژەوەندی‌یەکانی پرۆلیتاریادا **لەژێر ناوی ئەوەی کە(( دژایەتی خەڵك‌و ئیمپریالیزم))** سەرەکی‌یە.

ـوردە بۆرژوایی کردنی سۆسیالیزم‌و تێنەگەیشتن لەوەی کە سۆسیالیزم ئەرکی چینی کرێکارە، نەك خەڵك.

–پشت بەستن بەجوتیارانو بینی ئەوان وەك چینێكی یەك پارچەو بوونی خەیاڵاتی شۆڕشی جوتیاران.

–دەرك نەكردنی بنەما پایەییەكانی ئابووری سیاسی ماركسیستیو دەرك نەكردنی هەلومەرجی سـەرایەداریو ئینكـار كردنـی گەشـەی ئـەو لەئێران.

–باوەڕێكی شاراوە بەدوو جۆر سەرمایەداری ((خراپ)) ((سەرمایەداری وابەستە))و باش)) ((سەرمایەداری میللی)). كە ئەمە خـۆی لـەدەرك نەكردنی تیۆری لینینی دەربارەی ئیمپریالیزمو ناردنە دەرەوەی سـەرمایەو جیـهانی بوونـی سـەرمایەداریو دەكرنـەكردنی تایبەتمەندیـەكانی سەرمایەداری لەووڵاتانی ژێردەستەوە سەرچاوەی گرتبوو.*30

*2–ئیكۆنۆمیزم:

–تێگەیشتنی مەحدود لەئەركەكانی پرۆلیتاریای ووشیار ... تێگەیشتنی رووكـەشو دۆگماتیسـتیو كلێشەسـازی لـەبارەی كۆمـەڵگای ئـێرانو شۆڕشی ئێرانەوە.

–ڕەت كردنەوەی دەوری ووشیاریو ڕەگەزی پێشڕەوو شوێن كەوتنی ڕەوتی خۆبەخۆیی لەژێر ناوی ((مەشی جەماوەری)).

–دەركی مەحدود لە ئۆپۆرتۆنیزم و تەماشاكردنی وەك شتێكی شخصی.

–بەكەم گرتنی كاری نهێنی، لیبرالیزمی ڕێكخراوەیی، بەكەم گرتنی مەركەزیەت، تەخەصوصو تەقسیم كارو بڕوابوون بەدیموكراسس افراگی.

زەمینەی لادانەكان

الف/ زەمینەی مێژوویی – ئایدۆلۆژی:

لادان لەبزووتنەوی كۆمۆنیستی جیهانی، كە سەرەتا بەشێوەی پۆپۆلیزم بووەو دواتر چووەتە سەر تیۆری ڕویزیۆنیستیو بۆرژوازی(( ڕێگـای گەشەكردنی ناسەرمایەداری)و ((سێ جیهانی)).*31

*ئێران كۆمەڵگایەكی سەرمایەدارییە، هێزی كار بەشێوەیەكی فراوان بووە بەكاڵاو سوود وەرگرتن لەم كاڵایە شێوەی سەرەكی چەوسـانەوە پێك دێنێ ... دژایەتی سەرەكی كۆمەڵگا دژایەتی نێوان كارو سەرمایەیە.*32

*دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی دەوڵـەتێكی بۆرژوازیـە ... دژایـەتی نێـوان هـەردوو بـاڵی (دەسـتەی دەسـەڵاتدارەتی) دژایـەتی نێـوان توێـژە جیاوازەكانی بۆرژوازییە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیو دابەش كردنی زێدەبایی. ئەركی پرۆلیتاریای ووشیار لەبەرامبەر بەو دوو باڵە بۆرژوازییەدا ئەوەیە كە دژی شۆڕش بوونی ئەوان بەجەماوەری خەڵكو توێژە دیموكراتـەكانی وورده بـۆرژوازی نیشـان بـدەنو لـەدژی هـەردوو باڵەكە خەبات بكەنو بەتەواوی توانای خۆیانەوە ئامادەیی پێویست بۆ ڕووخاندنی دەستەی دەسەڵاتدارەتی، فەراهەم بكەن *33

بـە لەبـەرچاوگرتنی بوونـی زەمینەیـەكی مـادی بـۆ پـەیوەندی لـەنێوان بزووتنـەوەی بـەرگری خـەڵكی كـوردو بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی سەراسەری، دەبێ سیاسەتە سەركوت گەرانەكانی ڕژێم پووچەڵ بكرێنەوەو پێویستە ئەو پەیوەندییەی سەرەوە كـە دەبێتـە هـۆی زیـادكردنی توانای هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران، تەبلیغی بۆبكرێ.*34

*بزووتنەوەی بەرگری*35 داوێنو مەسـافەی مـەحدودی هەیـە، كەئـەم بزووتنەوەیـە ناتوانـێ بـەمانای گۆڕیـنی هەلومـەرجی بەرهـەم هێنـان لەچوارچێوەی كوردستاندا سەركەوتن بەسەر بۆرژوازیدا فەراهەم بكات. لەبزووتنـەوەی بـەرگریدا هێشـتا دیموكراسـی پـەیگیری پرۆلیتاریـایی بەمانای واقیعی لەدیموكراسی وورده بۆرژوازی جیانەبۆتەوەو تەصفیە نەبووە. بزووتنەوەی بەرگری لەبناغەو ناوەڕۆكی خۆیدا دیفاعییە. نابێ وا تصور بكرێ كە ئەم بزووتنەوەیە لەدرێژەی خۆیدا دەبێت بەشۆڕشێكی سەرتاسەری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، گوایە لـەكاتی ڕەخسانی هەلومەرجێكی یارمەتیدەری شۆڕشگێڕانە لەئێرانو ئامادەیی پرۆلیتاریا دەتوانرێ ببـێ بەیـەكێك لەمەیدانـە گرنگـەكانی خـەبات لـەو پێناوەدا.

بەرپابوونی بزووتنەوی بەرگری درێژەی خەباتی ووشیارانەی چینی كرێكارەو بەپێی بەرنامەی ئەو نەبووە، ... *36

*پرۆلیتاریـای ووشـیار ناتوانـێ چارەنووسـی خـۆی بەیـەكێك لەبرگـەكانو مەیدانـەكانی شۆڕشـی دیموكراتیـیەوە ببەسـتێتەوە. ئێمـە نابـێ بزووتنەوەی بەرگری بكەینە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگو ژیانی خۆمان، بەڵكو دەبـێ لەهـەموو كـاتێكدا درێـژەدان بـەكاری خۆمـان وەك ڕێكخراوێكی پرۆلیتاری لەبەر چاو بگرین.*37

*ڕزگاربوونی بەشێك لەپرۆلیتاریا(لە كوردستان) بەبێ پەیوەندی لەگەڵ هەموو پرۆلیتاریا(لە ئێران) بەهیچ شێوەیەك لەتوانادا نییە.

چینی كرێكاری ئێران چینێكی یەكپارچەیە كە پێویستە بەهۆی حزبی یەكپارچەو پێشڕەوی كۆمۆنیستی خۆیەوە ڕێكخراوو ڕابەری بكرێ.

ج–ئێران ووڵاتێكی فرە نەتەوەیە، لابردنی سـتەمی نەتەوایـەتی بـۆ هەتاهـەتایی بەشـێوەی مـافو دیـاریكردنی چارەنووسـی خـەڵكانی ژێـر

ستەمی ئێران، تەنها بەهاتنەدی بەرنامەی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا ئیمکانی دەبێ.*38

دوای ئەو نمونانە ئێستا پرسیارەکەمان دووبارە دەکەینەوە ئەم هاوڕێیانە کام کۆمەڵەیەن؟ کۆمەڵەی دوای ئەم قسانە یان کۆمەڵەی پێش ئەم قسانە؟ ئەگەر کۆمەڵەی پێش ئەو قسانەن دەبێت لانی کەم ئەو هەڵسەنگاندنو ڕەخنانەی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لەسەر خۆیان بەڕەسمی بناسن یان بەپێچەوانەی ئیدعای ئێستایانەوە ڕایگەیەنن کە پابەندنین بەباسو بڕیارە ڕەسمی‌یەکانی کۆمەڵەوە. وە ئەگەر کۆمەڵەی دوای ئەو قسانەشن، دەبێت قسەکانی ئێستای خۆیان لەسەر حزبی کۆمۆنیستو کاری سەراسەریو هەویەتی سیاسی ـــ چینایەتی کۆمەڵەوشێوەی هەڵسووڕان لەکوردستان،(بەپێی هەر ئەو قسانەی سەرەوە) وەربگرنەوە. ئەمە ناکۆکی‌یەکەو بەر لەهەمووشت دەبێ حەل ببێ.

## چینی کرێکار لە پرۆژەی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەدا

هەڵبەت حزبی کۆمۆنیستی ئێران هێشتا لەزۆر بوارەوە دەتوانرێ ڕەخنەی ئەوەی لێبگیرێ کە نەبووەتە حزبی چینی کرێکاری ئێرانو لەڕێکخستنو ڕابەری‌کردنی ئومێدو خەباتو ناڕەزایەتی ئەو چینەدا کورتی هێناوەو زۆر پرۆژەو پێشنیاریش دەکرێ لەبەرچاوبگیرێ، بۆ گۆڕینی ئەوە. بەڵام هاوڕێیانی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لێرەوە نەچوونەتە سەنگەری ڕەخنەگرتن لەحزبی کۆمۆنیست، بەڵکو بارە سەلبی‌یەکەیان وەرگرتووەو لاوازی ئەو حزبەیان لەو بوارەدا بەدەستەوە گرتووە بۆدابەزاندنی نەخشی چینی کرێکارو لاوەکی حساب کردنی لەنەخشەی سیاسی خۆیاندا، ئەمەش لەچەند ڕوویەکەوە؛

1/لەچاو مەسەلەی میللی: بۆنموونە نوسیویانە (کۆمەڵە وەك نیشانەو پارێزەری بەرژەوەندی‌یەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان لەکوردستانو وەك ڕابەرو ئیلهام بەخشی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان. لەگەڵ بنەڕەتی‌ترین داخوازی‌یەکانو ئارەزووەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان ئاوێتە بووە)*40 تەماشاکەن: پارێزەری بەرژەوەندی‌یەکانی کرێکاران، بەڵام ڕابەرو ئیلهام بەخشی بزووتنەوەی کوردستان، بەرژەوەندی کرێکاران، بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان من پێم وانی‌یە ئەم دەربڕینانە جیاوازی‌یەکەیان تەنها لە دەربڕیندا بێت. بەپێچەوانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەدەزگای فکری‌یەوە هەیەو مەسەلەکە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستانی بەسەرەکی تر دەزانێ لەچاو بەرژەوەندی کرێکاران بۆیە ئەویان ڕابەرایەتی دەکاتو ئیلهامی پێدەداتو ئەمیان دیفاع لێدەکا وە تەنانەت خۆیشی دەپارێزێ لەباسکردنی بزووتنەوەی کرێکاری. کە کرێکاران کە هەنو ناشاردرێنەوە وەك کۆی ئەفراد باس دەکات نەك وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن بزووتنەوەیەك، ئەمە دژایەتی‌کردنی کرێکارانە یان پارێزگاری لێکردنیان؟.

2/ کۆمەڵەیەك پارێزەرو دەربڕی سەربەخۆیی چینایەتی کرێکاران دەبێ لەدەورەی داهاتوودا. لەپێناوی خۆڕێکخستنی کرێکاراندا ... هەوڵبداو پەیگیرانە بۆ وەدی هێنانی هەلومەرجێك تێبکۆشێ کە تێیدا کرێکاران بتوانن بەشکڵو شێوازی جۆراوجۆر لەپەرشو بڵاویو ناڕێکخراوی دەربازبنو بەم جۆرە دەرگا بەڕووی قۆناغێکی تازە لە مێژووی ژیانی خۆیاندا بکەنەوە کە لەسەر ئەو بناغەیە هەم بتوانن داکۆکی لەمافە ئابووری‌یەکانی خۆیان بکەنو هەم لەچارەنووسی کۆمەڵگاو لەدیاری‌کردنی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی‌دا دەورێکی هەرچی کاریگەرتر بگێڕن.*41

ئەو پەرەگرافە هەرچەند بەڕواڵەت باس کردن لەکرێکارو ڕێکخراو بوونیەتی بەڵام لەناوەڕۆکدا هیچ موقعیەتێکی ڕابەری بەکرێکاران نادات. بەڵکو هەرئەوەیە کە ڕێکخراودەبن بۆ بەرگری لەمافە ئابووری‌یەکانیان (نەك گۆڕینی پەیوەندی‌یە ئابووریی‌یەکانی ئێستا) وە بۆ دەورگێڕانی زیاتر لە دیاری‌کردنی دەسەڵاتی سیاسیدا(نەك بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی یاسا) کە هەردوو حاڵەتەکە لەدیموکراتیزمی بۆرژوازی‌دا، بەکردەوە ممکنە.

3/(کۆمەڵە دەبێ ببێتە حزبی لاوانو داخوازی‌یەکانیان)، (کۆمەڵە دەبێ بکەوێتە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەی بەرابەری خوازانەو ڕزگاری خوازانەی ژنان)، (کۆمەڵە دەبێ ...... بەشی بەرینی ڕوناکبیرانی تێکۆشەر ... لەخۆیدا کۆبکاتەوە)، (کۆمەڵە نوێنەرو پارێزەری پەیگیری مافو ئازادی‌یە دیموکراتیکەکانی شارۆمەندانو دیموکراسی بەرینە)، (کۆمەڵە حزبی خەبات لەدژی ستەمو نابەرابەری نەتەوایەتی‌یە)*42. واتە حزبی هەمووانە بەس هی کرێکاران نی‌یە. باسی هەموو ئەولایەنانە دەکات، بەڵام بەتەعبیر ناڵێ(کۆمەڵە حزبی کرێکارانە، یان دەیەوێ ببێ بە حزبی کرێکاران. باسی کرێکاران دەکا، ئەویش بەو شێوەیەی کە لە خاڵەکانی (1و2)دا باسمان کرد. بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە باس کردنەش وا حساب کەین کە لەسەر لاوانو ژنانو ڕووناکبیرانو نەتەوە باسی کردووە، واتە ئەگەر لەناو هەموو ئەوانەدا بڵێ حزبی کرێکارانیشە، هێشتا لەگەڵ تێڕوانینێکی کۆمۆنیستیو چینایەتی بۆحزبێکی کرێکاری زۆر جیاوازی هەیە، حزبە کۆمۆنیستەکان دەڵێن ئێمە حزبی کرێکارانین، بەڵام لەسەر لاوان، ژنان، نەتەوەکان، ڕووناکبیرانو ... وەك بەشێك لەئەرکەکانمان کاردەکەین، بەڵام باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە لەباشترین حاڵەتەکەیدا

کرێکاریش وەك لاوان، ژنان، ڕووناکبیران لەبەرنامەکەیدا بەحساب دێنێ‌و بەبەراورد لەگەڵ مەسەلەی کورد کەمتریش.

ئەمانە هەموویان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیین سەبارەت بەجێگاو ڕێگای چینی کرێکار لەدەزگای فکری ئەو هاوڕێیانەدا.

## تێڕوانین بۆ حزبی کۆمۆنیست

وەك لەسەرەتادا باسم کرد، ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌و فکری‌یانەی لەماوەی (10 ــ 15)ساڵی ڕابووردوودا، ڕوویان داوە، بۆچوون‌و لێکدانەوەی بەشی زۆری کۆمۆنیستەکانی پەنایەکی تەنانەت لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی وەکوو(حزب)یش گۆڕیوە.

بەبڕوای من ئەوە یەکێك لەو هۆیانەیە کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای 18 ساڵ لە خەبات‌و تێکۆشان‌و سەرو کەللە لێکدان لەگەڵ بۆرژوازی، نەك هەر بەرەو پێش نەچووە تیایدا، بگرە یەکپارچەیی ئەو هێزەشی نەپاراست کە یەکەمجار درایەدەستی ئەوکات کەحزب پێکهات پێناسەکەی ئەوەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە پەرش‌وبڵاوی چینی کرێکاری ئێران‌و بەجێ‌هێنانی ئەو ئاسۆیەی کە مارکس‌و ئەنگلس‌و لینین خستوویانەتە بەردەمی چینی کرێکاری جیهان، واتە بۆ ئەو ئامانجەی کە لەمانفێستی حزبی کۆمۆنیستدا دیاریکراوە. بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی چینی کرێکاری ئێران بەسەر بۆرژوازی‌داو دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو ڕۆیشتن بەرەو کۆمۆنیزم، بوونی حزبی مارکسیستی ـ لینینستی پێویستە کە سەربەخۆیی ئایدۆلۆژی ـ سیاسی‌و ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریا لەهەموو مەیدانەکان‌و قۆناغەکان‌و شێوەکانی خەباتی چینایەتی ئەوە مسۆگەر بکات‌و بیپارێزێ. پرۆلیتاریای ئێران ئێستا ئەو ناوەندە خەباتگێڕەی نی‌یە لەبەرئەوە پێکهێنانی حزب ئەرکی سەرەکی پێشڕەوانی ئەو چینە پێکدەهێنێ.*43

بەڵام ئەوە لە لێکدانەوەی ئێستای عبداللە مهتەدی‌و لایەنگرانی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە جۆرێکی ترە، هەر چەندە ئەو دوو نمونەیەی سەرەوە، هەردووکیان بەشێك لەڕابووردووی ئەم هاوڕێیانەش پێکدەهێنن‌و ڕەنگە خۆشیان دەستیان هەبووبێ لەداڕشتنی‌دا*44، یان لانی کەم ئاگاداری هەربوون، بەڵام ئەمڕۆ داوی ئەو ئاڵوگۆڕانە تصویریان نەك بۆ حزبی داهاتوو، بەڵکو بۆ پێکهاتنی حزبی ڕابووردووش گۆڕانی بەسەردا هاتووە،، ئەویش نەك بەمەعنای لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن، بەڵکو بەمانای تێگەیشتن لەفەلسەفەی دروست بوونەکەی، لەباسەکانیاندا، بەتایبەتی بۆ سەلماندن‌و ئیبرازکردنی موقعیەتی کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیستدا بەئاسانی دەتوانرێ ئەوە بەدی بکرێ کە حزبی کۆمۆنیست ئیئتلافێکی خراپ‌و ناهاوتای نێوان کۆمۆنیستەکانی نەتەوەو نیشتمانە جیاوازەکانی ناو ئێران بووە، بۆنمونە: عبدللە مهتەدی لەوەڵامی پرسیاری دووەمی ڕادیۆ دەنگی کۆمەڵەدا*45 باسی ئەوەدەکات کە: نارێکی‌یەك هەر لەسەرەتاوە لەپێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا وجودی بوو؛ بەشی کۆمەڵە، بەشی کوردستانی‌یەکەی جۆرێك‌و لەئاستێکدا بوو، بەشی سەراسەری‌یەکەی جۆرێکی ترو لەئاستێکی تربوو. لەپێش تریش دەڵێ: لەناو بزووتنەوە ......نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی دیکەی ئێران، غەیری گەلی کورد... دەورو نەخش‌و تەئسیرێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەمانەش وەك هۆکارێك بۆ شکستی کۆمەڵە‌و بەڵگەیەکیش بۆ هاتنەدەر لەحزبی کۆمۆنیست لێکدەداتەوە. هەرچەندە من بەپێچەوانەی ئەوەوە پێم وایە کەجیاکردنەوەی بەشی کوردستان لەبەشی سەراسەری زەمینەی بۆخودی شکستەکەو بۆ هاتنەدەری ئەوانیش خۆش کردووە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەمە زۆر نەچین‌و پرسیاری ئەوەش نەکەین کە لەدەزگای فکری‌و بەرنامەی سیاسی ئەماندا، پەیوەندی نێوان کوردستان‌و باقی ئێران چۆنەو لەسەر چ بنەمایەك ڕاوەستاوە،*46 هەر تەنها وادابنێن هاوکێشەکە کە پێچەوانە بووایە، واتە حزبی کۆمۆنیست لەبەشەکانی تری ئێران‌و لەناو نەتەوەکانی تردا بەهێزترو بەنفوزتر بووایە لەچاو کوردستان‌و بەقەولی خۆیان گەلی کورد، ئەوکات وازیان لە کوردستان‌و کۆمەڵە دەهێنا؟!

نەك من، هیچ کەسێك گومانی لەوەنی‌یە کە وازیان نەدەهێناو ئەگەر وازیشیان بهێنایە، وەك ئێستا تووشی هەڵەی گەورەدەبوون. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە بۆچوون‌و تێڕوانینە بۆدروست کردنی حزبی سەراسەری هەر لەبناغەوە لەگەڵ دەرکی مارکسیستی‌و کۆمۆنیستی ناکۆکە.

لەشوێنێکی تری هەر ئەو **لاپەڕەیەدا(ستونی 1،2)** بەڕێز کا عبداللە دەڵێ:

حەڤدە هەژدە ساڵ لەوەوپێش بزووتنەوەی چەپ‌و کۆمۆنیستی ئێران، شتێکی پەرش‌وبڵاو بوو، لەژێر هێرشی وەحشیانەی هێزە ڕەشەکانی جمهوری ئیسلامی‌دا بوو، مانگ نەبوو کەڕێکخراوێکی چەپ نەگیرێ ............ لەم حاڵەتەدا ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێ هیچ نەبێ پێشی پەرش‌وبڵاوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەئێران بگیرێ‌و سەنگەرێك سازبکرێ بۆ ئەوەی کە هەموو مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بتوانن تێیدا کۆببنەوەو لەژێر چەتری ئەودا فەعالیەت بکەن‌و نەهێڵن کە ئەم بزووتنەوەی چەپ‌و سۆسیالیستی‌یە بەرەو فەوتان‌و نەمان بچێ.

ئەم تصویرە، هەم ئامانجی پێکهێنانەکەی‌و هەم هێزی پێکهێنەری حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیادەکاتەوە لەوەی لەکۆنگرەی دامەزرێنەری

حزبو کۆنگرەی (2)ی کۆمەڵەدا ئاماژەی بۆ کراوە. لەباسکردنی کۆنگرەی دامەزرێنەرو کۆنگەری (2)ی کۆمەڵەدا کۆتایی هێنان بەپەرش‌وبلاوی چینی کرێکاری ئێرانو بەدی هێنانی کۆمۆنیزم ئامانجی پێکهێنانی ئەو حزبە بووەو کۆمۆنیستەکانو کرێکارانی پێشڕەو هێزی پێکهێنەری بوون، بەڵام باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە چەپو سۆسیالیستەکان بەهێزی پێکهێنەری ئەو حزبە دەزانن‌و ئامانجی دروستبوونەکەشی بۆ نەفەوتان‌و پاراستنی ئەو چەپە لەسەرکوتو کۆکردنەوەی لەژێر چەترێکی فراوانتردا.

قسە لەسەر هەویەتی سیاسی‌و چینایەتی کەسە پێکهێنەرەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران نی‌یە، بەوەی کامیان تەعبیری دەقیقتری لێدەکات، بەڵکو قسە لەسەر تصویرە بۆدروستکردنی حزبی کۆمۆنیست، ئایا حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەکامە تصویریان پێك هاتووە. بەوەی عبداللە مهتدی یان بەوەی کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبو کۆنگرەی دووی کۆمەڵە. ئێمە ئەگەر ئەمەی دووەمیان وەك بەشێك لە ڕابووردووی بەڕێز عبداللە مهتەدی حساب کەین، دەبێ بڵێین کە ئەوەی یەکەم ئالۆگۆڕێکی جدی‌و ریشەیی‌یە لەفکری عبداللە مهتەدی‌و لایەنگرانی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەدا. هەر لەبەر ئەوەشە کاتێك باسی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ سەراسەری ئێران‌و حزبی ئێرانی دەکرێ،بەپێچەوانەی ئەوەی لە پەراوێزی ژمارە 46دا ئاماژەی بۆ کراوە. لەبڕیارنامە دەربارەی ئەزموونی "حکا"، دەڵێ: کاتێك باسی پرۆژەی حزبی چینی کرێکاری ئێران دەکەین، مەبەستمان بەهیچ شێوەیەك ئەوە نی‌یە کە پێکهێنانی حزبێکی تازە ڕابگەیەنین)*47. بەپێی لێکدانەوەی ئەمان لەبەرئەوەی لەشوێنەکانی تری ئێران‌و لەناو نەتەوەکانی تردا، کۆمەڵەی تری تیانی‌یە، هەرکاتێکیش لەبابەتی کۆمەڵە لەشوێنەکانی‌تر پێکهات مەنفی نی‌یە دەست بۆ دروست کردنی ئەو حزبەش بەرن. ئەمە فیدراسیۆنی نەتەوەو ناوچەکانە نەك حزب. بەبڕوای من نەك هەر لەناو نەتەوەکانی تردا، بەڵکو لەهەموو شارەکانی ئێرانیش هێزی لەبابەتی کۆمەڵەی دڵخوازی ئەو هاوڕێیانە دابمەزرێ بەو بۆچوون‌و لێکدانەوەیە کە ئێستا تەبلیغی بۆ دەکرێ، نەك هەر هەنگاوێك نابێت بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی سەراسەری بەڵکو ڕێگای دروستکردنی ئەو حزبە گرانترو دژوارتر دەکات لەبەرئەوەی خودی ئەوکاتە کێشە ناوچەیی‌و نەتەوەیی‌یەکان دەبنە ڕێگر. حزبی کۆمۆنیست کەی بەناوچەو نەتەوەکان‌و ژمارەی ئەندامانەوە پێناسەکراوە. بەهێزبوون‌و دەورگێڕانی سەرەکی حزبی سۆسیاڵ دیموکراتی رووسیا، لەوە نەبوو کە هەر لەسەرەتاوە نوێنەری هەموو نەتەوەو ناوچەکانی ڕوسیای لەخۆگرتبێ. ئەمانە (الفو بێ)ن پێویست ناکات نموونەیان لەسەر بهێنرێتەوە.

## سەبارەت بە ناوی کۆمەڵە!

*بەتایبەتی دوای جیابوونەوە، یەکێك لەخاڵەبنەڕەتی‌یەکانی جیاوازی نێوان ئەو دوو باڵە، لەسەر ناوی کۆمەڵەیە، هەم وەك میراتێکو هەم وەك سیاسەتێك بۆ ئایندە، ناوی کۆمەڵە ئێستا بووەتە سەنتێرێك بۆ ڕەخنەی سیاسی هەرلایەکیان لەویترو بەو هۆیەوە هەردوولا زیاد لەپێویست ناوی کۆمەڵەو ڕابردووەکەی تەقدیس دەکەن. بۆجۆرێك کە بەقەدەر ئەوەی بەهرەبەرداری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی لێدەکەن تواناى خۆشیانی پێوە دەکوژن، بەبڕوای من ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ڕابووردوو سەرباری نیشاندانی بێئاسۆیی لەگەڵ دەرکی کۆمۆنیستی جیاوازی هەیە. یەکێك لەپرەنسیبە سیاسی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە تەجروبە لەڕابردوو وەربگرن والهام لە داهاتوو.

بەڵام بەپێچەوانەی بزووتنەوە بۆرژوازی‌یەکان کە هەمیشە ڕابووردوویان کردۆتە سەرمایەی الهامی خۆیان‌و هەموو هەوڵیان بۆڕاگرتنی هەلومەرجی موجودو بیردۆزەکردنی ڕابردووەو لەسەر بنەمای ئەوەیش ئایندە دەرخواردی خەڵك دەدەن.

بەهەرحاڵ ئەگەر زۆر لەسەر ئەم لایەنە نەچین‌و هەر بەو پێوانەیەی ئەوانیش بچینە ناو مەسەلەکەوە، ڕابووردووی کۆمەڵە وەك ایجابیاتی هەیە سلبیاتیشی زۆرە، کە ناکرێ چاو لەمەی بپۆشیت.

لێکدانەوەکانی هاوڕێیانی ساغکردنەوەی کۆمەڵە ئەوەیە کە ناکرێ شکستو سەرنەکەوتنی پرۆژەی"حزبی کۆمۆنیستی ایران" هەمووی بخرێتە ئەستۆی استبدادی کۆماری ئیسلامی، ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام هەر بەم پێوانەیەش ناکرێ پاشەکشەو بێتوانایی کۆمەڵەش بخرێتە مل حزبی کۆمۆنیست. کۆمەڵە خۆیشی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کێشەی بووەو وەك بزووتنەوەیەکی‌جەماوەری پاشەکشەی کردووە، بەبڕوای من یەکێك لەسەرەکی‌ترین هۆیەکانی پاشەکشەکردنی بوونی فشاری ناسیونالیزم‌ولێکدانەوەی ناسیونالیستی بووە لەکۆمەڵە.(هەڵبەت هۆی تریشی هەیە وەك لەپێشەوە باسم کرد) بوونی دوو تێڕوانینی جیاواز هەم بۆ ڕابووردوو هەم بۆ داهاتووی کۆمەڵە، نیشانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کە لایەنێکیان پێی وایە کۆمەڵە کۆمۆنیست بووەو دەبێت کۆمۆنیستیش بمێنێتەوە(کەئێمە لەگەڵ ئەمەین‌و سەرچاوەکان‌و بەڵگەنامە ڕەسمی‌یەکانیش ئەوە دەسەلمێنن)، لایەنەکەی تریش پێی وایە کۆمەڵە هەڵسووراوی جدی کوردستان‌و ڕابووردووی بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکەی بووەو تەنانەت سنووری چالاکی ئەو حزبە کۆمۆنیستەش کەبەعەمەلی هەر بریتی بووە لە کۆمەڵە، هەر لەکوردستاندا ماوەتەوەو شوێنەکانی تری نەگرتۆتەوە، بۆیە دەبێت کۆمەڵەیەکی کوردستانی‌و ڕابەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بمێنێتەوە.

ئەم دوو لێکدانەوەیە جیاوازە هەردووکیان دەیانەوێ ڕابووردوو و داهاتووی کۆمەڵە بۆخۆیان بەرن(بەجیا لەوەی کە بۆ نفوز گرتن دەیانەوێ کەڵکی لێوەربگرن) لێرەدا حەق بەکامیانە؟!

من وەك پرەنسیبێکی سیاسی بڕوام وایە هەر کەسو لایەنێك هەر ناوێك کەپێی خۆشە لەسەرخۆی دابنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ناوە پێشتر بەکاریش هاتبێ. بەڵام کەس مافی ئەوەی نی‌یە مێژووی پشت ئەو ناوە بگۆڕێوبەپێی لێکدانەوەی تازەی خۆی بینووسێتەوە، هەروەها کەس حەقی نی‌یە دەست بەسەر مێژووی کەسانی تردا بگرێ. هەوومان دەزانین کە کۆمەڵە کۆمۆنیست بووە، ناومێژووی کۆمەڵە بووەتە بەشێك لەناوو مێژووی کۆمۆنیزم، نەك هەر لەئەوساتی سیاسی‌دا بەڵکو لەبوعدی کۆمەلایەتیشدا، بەتایبەت لەکوردستانی ئێران نەك هەر کۆمەڵە بەکۆمۆنیست دەناسن بەڵکو هەرچی کۆمۆنیستە بەکۆمەڵەی دەزانن. من خۆم لەگەڵ ڕێکەوتی وا ڕووبەڕوو بووم.کەواتە ئەگەر بەکارهێنانی ناو مافێکی سەرەتایی‌یە، بەلام تەعریفی پێچەوانە بۆ ڕابردووی کۆمەڵەو ڕاگەیاندنی ئەوەی کۆمەڵەبۆ مەبەستێکی میللی لەحزبی کۆمۆنیست هاتۆتە دەرەوە،*48 ئەوە شەڕ فرۆشی‌یەکی ئاشکرایە، چونکە بەڕاستی کۆمەڵە لەحزبی کۆمۆنیست نەهاتۆتە دەرەوە، ژمارەیەك لەکۆمەڵە هاتوونەتە دەرەوە کە بەدان پیانانی خۆیان نەلەڕابەرایەتی‌و نەلەبەدەنەی کۆمەڵەشدا زۆربەش نەبوون.*49 بەڵکوئەوەی بەناوی کۆمەڵەوە لەناو حزبی کۆمۆنیستدا ماوەتەوە، زۆربە پێك دەهێنێ. من لێرەدا نمونەش لەقسەکانی لایەنگرانی ساغکردنەوەی کۆمەڵە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی قسەکان وەك ئەنجامگیری من دەرنەکەون:

1/ئەوان خۆیان دەڵێن(حزبی کۆمۆنیست بەبێ کۆمەڵە یانی هیچ "عمر ایلخانی زاده")، وە(ناوی حزبی کۆمۆنیست تابلۆیەك بوو بەسەر دەروازەی کۆمەڵەوە .. "محمد شافعی")

ئەگەر وایە ئێمە یا هەر ناڤرێکی خارجی بەچاوی خۆمان دەبینین کە ئەوەی ماوەتەوە زۆربەیە. ئەی بەچ حەقێك کۆمەڵە جیابۆتەوە؟!

2/ ئەوەی کە گرفتە ئەساسنامەیی‌یەکانی‌دواکەوتنی کۆنگرەی 9و **کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی وەك لاوازی‌یەکانی باڵی بەجێماو باس دەکرێن،*49.** نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵە بەدەست ئەوانەوە بووە، نەك ئەوانەی کە جیابوونەتەوە، خۆیان دەڵێنکو زاڵی باڵی بەجێماو هۆیەك بووە بۆ جیابوونەوە. هەرچەندە ئەگەر هاوڕێیانی بەجێماو ئەقەلیەتیش بن هەر نەڤی ئەو قسانەی سەرەوە دەکاتەوە.

3/ ئەوەی کە نەچوونە کۆنگرەی 9ی کۆمەڵەوەو داوای ئەوەیان کردتاگرتنی کۆنگرە"تشکیلاتی کۆمەڵە لەلایەن کۆمەڵێك......لەهاوڕێ یانی هەردولایەن بەشێوەی بەرابەر .... ئیدارەو ڕابەری بکرێ"*51 دەلیلی ئەوەیە کە کەمایەتی بوون‌و کۆنگرەیان بەقازانجی خۆیان نەبینی.

4/ عبداللە مهتەدی خۆیشی ناڵێ زۆربەین کاتێ ڕادیۆ دەنگی کۆمەڵەپرسیاری لێ دەکات.*52

5/" پێش بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانس ئێمە چەند پێشنیارێکمان دابوو بە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە"..."ئێمە جارێکی‌تر پێشنیارەکانی خۆمان دەدەین بەهاورێیانی زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو کۆنگرە"*53

قسەکەی من لەسەر ئەوە نی‌یە کە زۆرایەتی حەقی زیاترە لەکەمایەتی بۆ بەکارهێنانی ئەو ناوە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە کە کۆمەڵە لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران هاتۆتەدەر یان نا، واقیع دەڵێ نەهاتۆتە دەرو تەنها بەشێك لەحزبی کۆمۆنیست جیابوونەتەوەو ناوی یەکەمجاری کۆمەڵەیان لەخۆیان ناوە.

ئەگەر مەسەلەکە ئاوا لەبەرچاو نەگیرێ، خۆی دەبێتە هۆیەك بۆ قووڵبوونەوەی کێش‌و ناکۆکی لەنێوان ئەم دووبەشەداو ........

بۆچی ئەم جیابوونەوەیە بەزەرەری بزووتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی‌یە؟

*هێرش باڵی ڕاست بۆسەر کۆمۆنیزم لەئێران‌و عێراق توندتر بۆتەوە.

*ناسیونالیزمی چەپ زیاتر لەجاران کەوتۆتەوە خۆی.

*حزبی کۆمۆنیستی ئێران سەرباری هەر کەم‌و کوڕی‌یەکی، بوونی لەناوچەکەدا زۆر گرنگەو لاوازکردنی لەوە زیاتری(کە جیابوونەوە دەیکات) بەزەرەری زیاتر تەواو دەبێ.

*کۆمۆنیزم خۆی کێشەی هەیە، کردنەوەی کێشەی لاوەکی بۆی زیاتر دەیباتە دواوە.

ئەو خاڵانە تەنها سەرخەتن دەکرێ دوایی توچیح بدرێن.

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

## پەراوێزەکان

*1 بیانیە، پیامهاو قگعنامەهای کنگرەءومس حزب کمونیست ایران. لاپەڕە1

*2 هەمان سەرچاوە لاپەڕە6
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

*3 هەروەها هەندێ بەش و فراکسیۆنی ڕێخراوەکانی (پیکار، رزمندگان وحدت انقلابی، رزمی‌انقلابی‌و چریکهای فیدائی خلق ایران).سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە2.

*4 حزبی کۆمۆنیستی ئێران‌و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌و اتحادی سوسیالیستی کارگری، کەساڵی پار لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری جیابوونەوە، لەگەڵ ئەم بەشەی کەلەم دواییانە لە کۆمەڵە جیابوونەتەوەو بابەتی ئەم نووسراوەیەی ئێستان.

*5 شۆڕش 1 ل11 عبدلله مهتەدی.

*5 پاشکۆی شۆڕشی ژمارە-1- ل1- دەربارەی دەوری تازەی هەڵسوڕان بەناوی کۆمەڵە.

*6 (بڵاوکراوەی شۆڕش ژمارە2، ل10 محمد شافعی)

*7(عمر ایلخانی زادە. لاپەڕە -6- ی نامیلەکەی شیکردنەوەیەك لەسەر پرۆسەی جیایی لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەزمانی فارسی).

**شۆڕش2 ل10 محمد شافعی

*9 شۆڕش 1 ل10 عبدلله مهتەدی.

*8 شۆڕش -2 ل 10و11 محمدی شافعی.

*9.ئەم ڕەخنەیەی باڵی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە، لە بڕگەیەکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەیە بۆ کۆنگرەی هەشتەم کەتیایدا هاتووە: ئەو شتەی کۆمەڵەی خستۆتە ئەم جێگاو شوێنەی ئێستای لەپەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستاندا، بەرهەمی پراتیکێکی چینایەتی دیایکراوە کە بەتەواوی جیاوازە لەخەباتی تەنیا نەتەوەیی‌و خودموختاری‌خوازانە لە کوردستان. ئەمە تەنانەت پێچەوانەی ڕەئێکی عبدللەمهتەدی‌شە کەکاتی خۆی لەلاپەڕە 53و54ی ژمارە1ی پێشڕەودا دەڵێ:...ئەگەر کۆمەڵە کۆنگرەیەکی دووەمی نەبوایەو دەستی بە مارکسیزمی شۆڕشگێر نەگەیشتبایە،......چ مەعلوم ئەمڕۆ دەیتوانی سەرکەوتوانە ئەم جوڵانەوەیە(مەبەست جوڵانەوەی کوردستانە) ڕابەری بکا؟ کێ زەمانەتی ئەوە دەکا کەکۆمەڵە بەبێ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، بەبێ لینینیزم، دەیتوانی دەورێك کەئێستا هەیەتی بەدەستی بێنێ‌و.... تاد.

*10 پاشکۆی ژمارە-1ی شۆڕش، ل5 بڕیارنامە دەربارەی دەورو جێگای کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا.

*11( شۆڕش –1– ل12 ستونی –1– عبدالله مهتدی).

*12 (شۆڕش –1– ل12 ستونی 2 عبدالله مهتدی)

*13(نامیلکەی پێشووی عمر ایلخانی زادە ل5)

*14 (عمر ایلخانی زادە .. هەمان نامیلکەی پێشوو).

*15(پێشڕەو ـ ژمارەـ113 و 114 ـ لاپەڕە 14 ستونی 3)

*16(پێشڕەو هەمان ژمارەو لاپەڕە ستوونی 2).

*17 (هەمان ژمارەی پێشڕەو. لاپەڕە 15 ستونی 1).

*18. (پێشڕەو 115 ل11 ستونی 3 ساعدی وەتەن دۆست).

*19 (پێشڕەو 113و 114 ل11 ستونی 2 ابراهیم علی زادە).

*20مەبەستی: بێ‌ئومێدبووان لەکۆمۆنیزم، ناسیونالیستەکان، دوژمنانی کۆمەڵەیە کە لە ستونی3ی لاپەرە11 پێشرەوی 113و114دا باس کراوە.

*21 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

*22 پێشڕەوی 113 و 114 ل12 ستونی 1 ابراهیمی علی زادە.

*23 شۆڕش1 ل7.

*24هەمان ژمارەو لاپەڕەی پێشڕەو ستوونی 3 ابراهیمی علی زادە.

*25 حزبی کۆمۆنیست "لەناو بزووتنەوە جۆراوجۆرە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی دیکەی ئێراندا غەیری گەلی کورد هەر لەتورکمان‌و سەحراوە هەتا عەرەبی خوزستان تا .... دەورو نەخش‌و تەئسیرێکی ئەوتۆی نەبووە.لەبەرئەوە نارێکی‌یەك هەر لەسەرەتاوە لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا وجودی بوو؛ بەشی کۆمەڵە، بەشی کوردستانی‌یەکەی جۆرێك‌و لە ئاستێك بوو، ەشی سەرتاسەری‌یەکەی جۆرێکی ترو لە ئاستێکی تر بوو". (شۆڕش –1– ل10 ستونی 4 عبدالله مهتدی).

*26 شۆڕش ژمارە-1- ل12 ستونی 1و2

*27ئێمە مەحدود بوونی هەڵسووڕانی خۆمان بەکوردستان ناکەین بەبنەما، بەڵکو بەپێچەوانە ئەوە بەکەموکوڕیەك حساب دەکەین کە بەرئەنجامی هەلومەرجێکی دیاریکراوەو درێژەپێدانیشی بەزیانی بزووتنەوەی پرۆلیتاریایە.وەر گیراو لە:قگعنامەهای مصوب کنگرەدوم سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران (کومەلە).وحدت جنبش کمونیستیو ایجاد حزب گبقەکارگر ایران ل25

*28 پێشەکی نامیلکەی پێشوو ل2.

*29 هەمان شوێن ل5و6.

*30 ئەو نمونانەی سەرەوە هەمووی لە ل7ی هەمان نامیلکە وەرگیراوە.

*31 نمونەکان لە ل8 وەرگیراون.

*32 دربارەساخت اقتصادی - اجتماعی جامعەایران ل10 هەمان نامیلکە.

*33 نامیلکەی پێشوو ل11 ، ماهیت گبقاتی هیئت حاکمە کنونی

*34 نقری کلی بەاوچاع عمومی ایرانو وڤایف ما: جنبشهای دمکراتیك. فرع ب - ل20

*35 مەبەست لێی بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانە بەدژی هێرشو پەلامارەکانی ڕژێمی ئیسلامی.

*36 جنبش مقاومت خلق کرد،ل21.هەمان نامیلکە.

*37 هەمان بابەت ل22.

*38 هەمان بابەت ل23.

*39 وحدت جنبش کمونیستیو ایجاد حزب گبقەکارگر ل25.هەمان نامیلکە.

*40 پاشکۆی شۆڕش -1- ل3بەیاننامەی کۆنفرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە...

*41 سەرچاوەی پێشوو ل3 ستونی2.

*42 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

*43 بڕیارنامەی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە لەسەر وحدت جنبش کمونیستیو ایجاد حزب گبقەکاگر ایران، ل24.

*44 کاك عبدللە مهتەدی کاتی خۆی لەلاپەڕە 15و16ی ژمارە(1)ی پێشڕەودا لەسەر پێویستی حزبی سەراسەریو کۆمۆنیست بوونی حزبو دەوری سەرەکی چینی کریکار، بەپێچەوانەی لێکدانەوەی ئێستایەوە، لەژێر ناوی جێگای کۆمەڵە لەحزبی کۆمۆنیستی ئێراندا باسێك پێشکەش دەکات.گەڕانەوە سەری پێویستە.

*45 کە لەستونی (4)ی لاپەڕە (10)ی شۆڕشی ژمارە(1)دا لەچاپ دراوە.

*46 سەرو بەندی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە سیمینارێکدا کە بە3بەش لەژمارە(1)ی پێشڕەودا چاپ کراوە، عبدللەمهتەدی باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە، بەڵام ئەو کات بۆ نیشاندانی جێگاو شوێنی کۆمەڵە لەحزبێکی سەراسەری دابوو. ئەمڕۆ دوای جیابوونەوە لەوحزبەو چاوگێڕانەوە بەسەریدا، دووبارە پێویستە لەوبارەیەوە قسەی خۆی بکات.

*47 پاشکۆی شۆڕش (1) ل4و5

*48(بۆجارێکی دیکە کۆمەڵەی شۆڕگێڕی ...... هەڵسووڕانی خۆی دەست پێکردەوەو بەم چەشنە جیابوونەوەو هاتنەدەرەوەی کۆمەڵە لەحزبی کۆمۆنیستی ئێران مسۆگەر بوو.ل1 شۆڕش(1) عبداللە مهتەدی)

*49 کاتی خۆی ژمارەیەکی زۆر لەکادرو ئەندامانی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری جیابوونەتەوە، ئایا ڕەوابوو ڕابگەیەنرایە کە کۆمەڵە پەیوەست بووە بە(حککا)وە؟

**⋆50 توضیحاتی پیرامون پروسە جدایی..... ل5و6 عمر ایلخانی زادە**

***51 ل7**

*52 کە لە ل13ی ژمارە(1)ی شۆڕشدا چاپ کراوە.

*53((پاشکۆی شۆڕش(1) ل5و6 پەیام بۆ زیندانیانی سیاسی)).

ئەم جیاوازیەی نێوان کوردستانو سەراسەری بۆ عێراق، لەماوەی 35 ساڵی ڕابردووداو بەدوای شکستی مۆدیلی حزبی شیوعیدا، لەئاستی

سەراسەریەکەیدا بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیزم هەرچی زیاتر بەرەو دوا هاتووەو تووشی وەستانو ڕکـود بـووە. بەپێچەوانـەی کوردسـتانەوە کە هەر زوو خۆی لەتەجروبەی حزبی شیوعی ڕزگار کردو وەك حەرەکەتێك هەمیشە لەبوونو گەشەکردندا بووە. بەڵام ئەمە بـۆ ئـێران وانیـیـە، بەهۆی زۆر فاکتەرەوە بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیزم(دیارە بەشێوەی نارێکخراو) لەئاستی سەراسەرییەکەیدا بوونو کاریگەری کۆمەڵایـەتی زیاتر بووە. کێشـەی حزبـی کۆمۆنیسـت لـەوەدابووە کەلـەدەرەوەی ئـەو بزووتنەوەیـە پێکـهاتو دوای پێکهاتنیشـی نـەچووە سـەریو باسـە ڕووکەشیو ڕواڵەتییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریش وەك تیۆریزەکردنی ئەو واقیعەی حزبو درێژکراوەی هەمان میسۆد سەریان هەڵدا، کەئـەویش تەمەنی درێژ نەبوو، دوای دەورەیەك لەگەڵ بێئاسۆییو بنبەستی عەمەلی ڕووبەڕوو بۆوە.

ئەمە، واتە هەم بێئاسۆیی سیاسی بۆتەبەدیل بوون بەحزبی چینی کرێکاری ئێرانو هەم فشاری بزووتنەوەی کوردستان، کە لەغیابی ئـەوەی یەکەمیاندا ڕۆژ بەڕۆژ زیادی دەکرد. ئەو حزبەیان تووشی داخورانو لەجێدا وەستان کرد. دیارە ئەمە بەئیزافەی فاکتـەرە مەوزوعییـەکانی تـر کە زادەی هەلومەرج بوون.

ئەگەر بەهۆی زاڵبوونی ئاسۆی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بەسەر حزبدا، کاتی خۆی، دوای جیابوونەوەی ئەو مەیلـە بـێ ئاسـۆیی بـاڵی کێشـا بەسەر حزبداو بەگشتی کارکردو پاشماوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکـاری بـووە مایـەی کێشمەکێشـی نـاوخۆییو سـەرەنجام لێـك دوورکەوتنـەوەی کەسەکان، لەولایشەوە جێگاو ڕێگای کۆمەڵەو تێڕوانین بۆ ئەرکو دەسەڵاتەکانی هەمان ڕۆڵـی بینـی، واتـە ئـەویش بەشـێك بـووە بـۆ کێشـەی ناوخۆییو هۆیەك بووە بۆ دوورکەتنەوە.